# داکۆکی لە هاوڕێیەتی

Comrade

# پێڕست


"هاوڕێ..." زەردەشت نورەدین، وەلید عومەر
کۆمڕاد و. دەشتی مەحمود
هاوڕێیەتیی مارکس و ئەنگڵس و. ناجی ئەفراسیاو
عەشق و هاوڕێیەتی و. وەلید عومەر
هاوڕێیەتی و سۆڵیدارێتی و. ئاکۆ حەسەن

# "هاوڕێ..."

زەردەشت نورەدین، وەلید عومەر

ژیژەك دەگێڕێتەوە: جارێکیان کۆڕێکم هەبوو و لەو کۆڕەدا ئالان بادیۆی فەیلەسوفیش لەناو ئامادەبوواندا بوو. بادیۆ تەلەفۆنێکی بۆ دێت و لەجیاتیی ئەوەی مۆبایلەکەی دابخات یان بڕواتە دەرەوە، بە دەنگێکی هێواش پێم دەڵێت: گەر دەکرێت تۆزێك لەسەرەخۆ قسە بکە تاکو بتوانم وەڵامی تێلەکەم بدەمەوە و گوێم لە قسەکان بێت.

ژیژەك دەڵێت: گەر ئەمە ئەکتی ڕاستەقینەی هاوڕێیەتی نەبێت، ئەی چیە؟ هەر بۆیە ژیژەك کتێبی (داکۆکی لە مەسەلە دۆڕاوەکان)[1]ی خۆی پێشکەشی ئالان بادیۆ کردووە. هاوڕێیەتی، لەو پنتە بچوکانەدا ئاماژەی گەروەی تیایە. ئەم نامیلکەیەش، کە هەوڵێکی بچوکی گرووپی نێگەتیڤە، داکۆکییە لە هاوڕێیەتی نەك تیۆریزەکردنی ڕووت. هاوڕێیەتی بەر لەوەی تیۆریزەبکرێت، ئەزموونلدەکرێت(دیارە مەبەستمان لەو تۆنە دژەتیۆرە نیە کە ئەکتێکی ناقۆڵا و بێ بیرکردنەوە پێشکەشدەکات، بەڵکو پتر بەرگریکردنە لە میراتی هاوڕێیەتی و ئەکتی هاوڕێیەتی). ئەرستۆش گوتوویە: هاوڕێ جۆرێکە لە "خۆت"ی تر. زایەڵەیەکی کۆمۆنیستی لەم قسەیەدا هەیە: کۆمەڵگا لە فۆرمە باڵاکەیدا، کۆبوونەوەی فرەییەکە لە (خۆت)ی تر. ئاگامبێن-یش وەك فەیلەسوفێکی چەپ ئیزافەیەکی بۆ ئەم گوتەیەی ئەرستۆ کردووە: هاوڕێ "من"ێکی تر نیە، بەڵکو جۆرێکە لە ئەویترێتیی ناونشین بۆ خۆبوون(بە مانایەك لە ماناکان واتە: بەهۆی ئەویترەوە، من دەبمە من، ئەو ئەویترەش هاوڕێیە).

---

[1]. In Defense of Lost Causes

هاوڕێیەتی پراکتیزەکردنی ئازادییە. لەم سۆنگەوە مرۆڤ ئەگەر لە شتێکدا زۆرترین ئازدایی هەبێت ئەو شتە بەدڵنیاییەوە هاوڕێیەتییە. بۆئەوەی باشتر لەوە تێبگەین کە ئازادی مانیفێستبوونی هاوڕێیەتییە ئەوا دەتوانین باس لە جۆرەکانی تری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بکەین کە دەشێت ئەوانەش بگۆڕدرێن بۆ هاوڕێیەتی وەک؛ برایەتی، خوشکایەتی، دراوسێیەتی، هاوپۆلی و .... هتد. هەرکام لەمانە کۆمەڵێک پێشمەرجی هەڵوشێنەرەوەی ئازادیی هەیە کە ناکرێت بەتەواوی مومارەسەی ئازادیی تیا بکەین. بۆ نمونە برایەتی کە ئێمە هەڵینابژێرین بەڵکو لەناو پەیوەندیی برایەتیدا لەدایکدەبین و برایەتی دەبێتە توخمێکی دەرەئازادی کە دەشێت لەگەڵیدا هەڵکەین. ئەم ڕەخنەیە دەشێت بگشتێنرێت بۆ پەیوەندییە برایەتییە ناخوێنییەکانش کە زیاتر لەو کۆمەڵانەدا هەیە کە ڕەهەندی موقەدەسبوون تییاندا زاڵە و خودی موقەدەسیش هەڵوەشێنەرەوەی ئازادییە.

بەتەنیشت ئازادییەوە کە کرۆکی هاوڕێیەتی پێکدێنێت، عەدالەت ئامادەیی هەیە. ئەرستۆ ئاماژەی بەوە دا کە هاوڕێیەتی پێشمەرجی عەدالەتە و بەبێ هاوڕێیەتی عەدالەت پیادەناکرێت. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵ و کۆمیونیتی کاتێک دەشێت عەدالەتی تیا مومارەسەبکرێت کە بونیادی کۆمەڵەکە لەسەر پەیوەندیی هاوڕێیەتی بونیادنرابێت. لێرەدا نزیک دەبینەوە لە ڕەخنە جەوهەرییەکانی مارکس لەمەڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا. مارکس لە ***دەستنوسە ئابوری و فەلسەفەییەکەیدا***، بەڕوونی ڕەخنەکانی لەمەڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بەتایبەتی دەخاتەڕوو. ئاماژە بەوەدەدات کە پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا هاوڕێیانە و مرۆڤانە نییە بەڵکو پەیوەندییەکی کاڵایی نامۆکراوە. بەدەربڕینێکی تر لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا، مرۆڤ لە جەوهەرە مرۆڤانەکەی خۆی خاڵی دەبێتەوە و فەزیلەتی هاوڕێیەتی لێدادەماڵرێت و جەوهەری کاڵایی وەردەگرێت. مرۆڤی بەکاڵاکراو، مرۆڤی ئابورییە کە چیدی ئازادی و عەدالەت و کۆمەڵگای بێچین بۆی گرنگ نییە بەڵکو ئەوەی کە بۆی گرنگە بەدەستهێنانی پارەی زیاترە کە دواجار بەشێوەیەکی تراژیدی خۆی لە خۆپەرستیدا دەتەقێنێتەوە. مرۆڤی ئابوری شوناسی خۆی لەوەوە وەرناگرێت کە هاوکاریی ئەوانیتر دەکات یان ئەوانیتری خۆشدەوێت یان داهێنان دەکات یان ڕێز لەوانتر دەگرێت یان ئازادانە بەدوای خولیاکانی خۆیدا دەڕوات، بەڵکو مرۆڤی ئابوری شوناس لە

کاڵاکانەوە وەردەگرێت؛ واتە شوناس لەوەوە وەردەگرێت کە چ سەیارەیەکی پێیە یان ماڵەکەی لەسەر چ ستایلێک کردۆتەوە یاخود چ مارکەیەک دەپۆشێت و ...هتد. بەدەربڕینێکی تر مرۆڤی ئابوری بۆ خۆی دەبێتە کاڵا و تا مەواسەفاتی کاڵایی زیاتر بێت ئەوا نرخی زۆرترە. بۆ نمونە مرۆڤێکی ئابوری کە ڤێلای هەیە و جۆری ئۆتۆمبێلەکەی لێکزوزە و مانگانە ١٠ هەزار دۆلار وەردەگرێت لە مرۆڤێکی ئابوریی تر کە لە ماڵێکی ئاساییدا دەژی و ئۆتۆمبێلەکەی ئاساییە نرخ و ئیعتیباری کۆمەڵایەتیی بەرزترە و لەناو خەڵکدا ڕێزی زۆرترە؛ ئەگەر تەنانەت گەندەڵترین و تاوانبارترین کەسیش بێت.

لێردا هەست بە داکۆکیکردن لە هاوڕێیەتی دەکەین وەک دواکەوڵی مرۆڤانەی ژیانێکی سەربەست، لەناو جیهانێکی بێڕۆحی ڕەق و تەقی ئابورییدا کە بنەمای بڕی پارە یەکسانە بە بڕی ئازادی. کۆمەڵگای ئێستا بە ئاراستەی عەدالەتدا ناجوڵێت بۆیە ئازادیی ڕاستەقینەی تێدا نییە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە هاوڕێیەتی دەبێتە گەورەترین فەزیلەتی هاوچەرخ. لەم پێتەوە سیاسەتی هاوڕێیەتی مومکین دەبێت، سیاسەتێکی ئاسۆیی هاوڕێیانە کە دیسپلینی کۆبوونەوە بەدەور ئایدیای گەورەدا درووستبکات. بەڵێ هاوڕێیەتی، تازەکردنەوەی وەفایە بۆ حەکایەتی گەورە، حەکایەتی کۆمەڵگای دادپەوەر.

نیچە بەتەنیشت مارکسەوە ڕەخنەگری بەهایە و هەردوکیان لەسەر بەها نوسیویانە. مارکس لەسەر ئەو بەهایانەی کە پەیوەندیی بە ژێرخانەوە هەیە و دواجار بەرزدەبێتەوە بۆ سەرخان و نیچە لەسەر ئەو بەهایانەی کە پەیوەندیی بە سەرخانەوە هەیە و نزمدەبێتەوە بۆ ژێرخان. مارکس بۆ دەربازبوون لە کۆمەڵگای چینایەتی کە هاوڕێیەتی سەرکوتدەکات کۆمەڵگای عەدالەت یان کۆمۆنیزم پێشنیاردەکات کە تێیدا ژێرخانی سەرکوتکەری پەیوەندیی هاوڕێیەتی هەڵدەوەشێتەوە و هاوڕێیەتی مومکین دەبێت. بەهەمان شێوە نیچە ***مرۆڤی باڵا*** پێشنیاردەکات. مرۆڤی باڵا، ئامانجی مرۆڤە کە مرۆڤی ئابوری یان دواهەمین مرۆڤ نەفیدەکات و خۆی لەسەر کەلاوە و وێرانەکانی مرۆڤی ئابووری بنیاتدەنێت. مرۆڤی باڵا تێکشکێنەر و وێرانکەری هەموو بەها کۆنەکانی مرۆڤی ئابورییە و خۆی سەرلەنوی بەهای نوێ دادەڕێژێتەوە.

پرۆلیتاریا و مرۆڤی باڵا، لە جیهانی ئێستادا هەردوکییان هیچیان نییە و خاوەنی هیچ نین و بوونێکی هەمەکی و ژانریکیان هەیە. پرۆلیتاریا لەسەر ئاستی ژێرخان خاوەنی هیچە و مرۆڤی باڵا لەسەر ئاستی سەرخان خاوەنی هیچە. کەواتە پرۆلیتاریا هەمان

مرۆڤی باڵایە کە هێشتا هەلومەرجی ماتریاڵیی بۆ نەڕەخساوە بوونی خۆی ئەکچواڵ بکات و مرۆڤی باڵاش هەر پرۆلیتاریایە کە هێشتا هەلومەرجی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە بەهاکانی دابڕێژێتەوە. سەیر نییە کە نیچە مرۆڤی باڵا وەک ئامانجی هاوڕێیەتی دوو کەس یان زیاتر پێشنیاردەکات، واتە هاوڕێیەتی دەبێت ئامانجی هەبێت و ئامانجی هاوڕێیەتی لەڕوانگەی نیچەوە مرۆڤی باڵایە. مارکسیش بە هەمان شێوە یەکگرتنی پرۆلیتاریا پێشنیاردەکات. یەکگرتنی پرۆلیتاریا واتە هاوڕێیەتی هەموو ئەو کەسانەی کە لە جیهانی ئێستادا خاوەنی هیچ نین بەڵام جیهانێکیان هەیە بۆ بەدەستهێنان. بەم پێیەش هاوڕێیەتی لە هەردوو ڕوانگەکەدا، دەبێتە باڵاترین فۆرمی بەرەنگاریی سیستەمی باڵادەست و یاخییترین ستایلی ژیان.
ئەگەر لە چاویلکەی سەرمایەدارییەوە سەیری پرۆلیتاریا بکەین ئەوا بە مرۆڤی شکستخواردووی دەبینین کە وەک شەخسی خۆی نەیتوانیوە کەسێکی سەرکەوتوو بێت یان ئەگەر سەیری مرۆڤی باڵا بکەین ئەوا بە خەیاڵپڵاوێکی شکستخواردوو دێتەپێشچاومان. بەڵام سارتەر ئەم جۆرە شکستەی تیۆریزەکردووە، ئەویش بەجۆرێک کە ئەم جۆرە شکستە بە لوتکەی سەرکەوتن هەژماردەکات. لە سیستەمیکی چەوسێنەر و ستەمکاری وەک سەرمایەدارییدا تا زۆرترین شکستی تێدا بخۆیت بە مانای ئەوە دێت کەمترین کاریگەریی لەسەر تۆ داناوە و توانیویەتی دەست بەسەر کەمترین ئاستی تۆدا بگرێت بۆیە زۆرترین شکستت خواردووە. ئەم شکستەش لە ڕوانگەی سارتەرەوە بەرزترین ئاستی سەرکەوتنە.
شتێکی تر کە گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە بەتەنیشت هاوڕێیەتییەوە دەبێت باس لە دوژمنایەتییش بکەین. لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی دیالەکتیکی دوژمنی موتڵەق و هاوڕێی موتڵەق بوونی نییە. ئەوەی هەیە؛ هاوڕێیە، کە توخمی دوژمنایەتیی تیایە و دوژمنە، کە تۆخمی هاوڕێیەتیی تێدایە. ئەگەر وردتر بین لە دەربڕیندا، ئەوا دەتوانین هاوڕێ و دوژمن لە ڕێگەی "ێن و یانگ"ـەوە باشتر ڕوونبکەینەوە. ناکۆکی، ڕەهەندی یونیڤێرساڵ و گەردوونیی هەموو بوونێکە و لە هەموو پرۆسەیەکدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەیە و ئەمەش پێداگری لەسەر "یەکێتیی شتە ناکۆکەکان" دەکات کە بنەڕەتیترین بنەمای دیالەکتیکە. بەم پێیەش هاوڕێیەتی و دوژمنایەتی پێکەوە بەگوێرەی یەکێتیی ناکۆکەکان ئیشدەکەن. هەموو جۆرە نەفیکردنێکی یەکێک لەم دوو توخمە، یان ڕیاکاری درووستدەکات یاخود فاشیزم بەرهەمدێنێت. دۆکترینی مەسیحی ڕیاکارترین جیهانبینییە لەمەڕ هاوڕێیەتی و دوژمنایەتی کە بە ڕق و کینە کۆتاییدێت. لە دۆکترینی

مەسیحیدا دوژمن و دوژمنایەتی بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ سەرکوتدەکرێت و بەشێوەیەکی شاعیرانە بەلاوەدەنرێت و خۆشەویستی کە جۆرێکی تایبەتە لە هاوڕێیەتی دەخرێتە شوێنی. ئەمەش لە هەندێ ڕستەی مەسیحدا بەڕوونی دەردەکەوێت وەک: ئەگەر کەسێک زللەیەکی لێدایت ئەوا ئەو لاکەی تریشتی بۆ بکەرەوە با لێی بدات. ئەم گوتارە نەک خۆشەویستیی ڕاستەقینە بەرهەمناهێنێت، بەڵکو ڕق و کینەی ڕیشەیی و ڕادیکاڵ بەرهەمدێنێت لەبەرئەوەی لەسەر سوکایەتیکردن ڕاوەستاوە.

لەبەرامبەردا نەفیکردنی هاوڕێیەتی، لە هەموو ئەو ئایدۆلۆژیانەدا هەیە کە مرۆڤ لەسەر توخمی وەک ڕەگەز، ئیتنیک، نەژاد، دین، نەتەوە و ... هتد پێناسەدەکەن کە بە فاشیزم کۆتاییدێت. بەدەربڕینێکی تر هەرکەس لە نەژاد، دین یان نەتەوەی خۆی نەبێت ئەوا ناتوانێت هاوڕێت بێت. لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی لە ئازادییەوە دەستپێدەکات و بە ئاراستەی عەدالەتدا دەجوڵێت و کۆمەڵی فرەڕەنگ درووستدەکات(لە کۆمەڵگای ئێمەشدا زۆرجار لە ئاستێکی وردتری کۆمەلایەتییدا، پەیوەندیی خێڵەکی و عەشیرەتی وایکردووە کە بە چاوی گومانەوە سەیری هاوڕێیەتی نێوان منداڵەکانی ئێمە/ئێوە بکرێت. زۆرجار دەگوترێت: هاوڕێیەتیی خەڵکی بێگانە و نەناس مەکەن).

کەواتە هاوڕێ و دوژمن بەیەکداچوون و تێهەڵکێشی یەکتر بوون، و هاوڕێی ئەبەدی و دوژمنی ئەبەدی بوونی نییە. لەم ڕوانگەشەوە هەردوو ڕستەکەی ئەرستۆ و نیچە ڕاستە کە پێچەوانەی یەکن(ئەرستۆ دەڵێت: ئەی هاوڕێیان هاوڕێ بوونی نییە — نیچە دەڵێت: ئەی دوژمنان دوژمن بوونی نییە). هاوڕێیەتی و دوژمنایەتی بوون نین بەڵکو بوونن لەناو گۆڕان و بزاڤبوون و صەیرورەدا.

نیچە دەڵێت: "ئەوەی هاوڕێیەتیی دەوێت، دەبێت لە پێناویشیدا هەڵگیرساندنی جەنگیشی بوێت و بۆ هەڵگیرساندنی جەنگیش دەبێت توانای دوژمنایەتییت هەبێت. دەبێت ڕێز لەو دوژمنە بگریت کە لە هاوڕێشدا هەیە. باشترین دوژمنت دەبێت لە هاوڕێدا هەبێت. ئەو کاتەی کە ناکۆک دەبیت لەگەڵ هاوڕێکەت دەبێت لە هەموو کات زیاتر دڵت لێی نزیک بێت". هاوڕێی ڕاستەقینە ئەو کەسە پاسیڤە نییە کە لە هیچ شتێکدا ناکۆک نەبێت لەگەڵت و تەنیا بەڵێت بۆ بکات، بەڵکو هاوڕێی ڕاستەقینە ئەو هاوڕێیەیە کە لەڕێگەی ئەو توخمی دوژمنەوە کە تێیدایە هەموو کات ئامادەیی ڕەخنەکردن و بەرەپێش بردنی تۆی هەیە. لەنێوان دوو هاوڕێدا لەبەرئەوەی ئایدیای گەورە هەیە کەواتە دەبێت ڕەخنە هەبێت و نابێت ناکۆکی سەرکوتبکرێت.

ئەمەش هاوڕێیەتی تۆکمەتر و ***باشتردەکات***. ئەم جۆرە هاوڕێیەتییە بۆ دونیای مەعریفە ئەولەویەتە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێجگار کز و نەخۆشانە و پاتۆلۆژیکە و هاوڕێکان ناتوانن مشتومڕ بکەن. دیسان ئاماژە بە هاوڕێیەتیی نێوان ژیژەك و بادیۆ دەکەین: بادیۆ دەڵێت ئێمە بەپێی زمانە شوومە کۆنەکە: ڕەفیق حیزبیین! واتە دوو هاوڕێی ناو حیزب و سیاسەت. بەس ژیژەك ئەم ڕەهەندە نەیارییە قووڵەشی بۆ زیاد دەکات: بەڵێ وەك ئەوەی کە کاتی خۆی وەزیرێکی نازییەکان لە مۆسکۆ لەناو کۆمۆنیستەکاندا دەڵێت ***ئا ئێستا لە کۆڕی هاوڕێیاندا دانیشتووم***!

دوژمنایەتی دەشێت ئەنتاگۆنیستی بێت و دەشێت ئەنتاگۆنیستییش نەبێت. دەکرێت دوژمنایەتیی نائەنتاگۆنیستی بگۆڕدرێت بۆ هاوڕێیەتی بەڵام دوژمنایەتیی ئەنتاگۆنیستی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا ناگۆڕدرێت بۆ هاوڕییەتی. لە کۆمەڵگای بێچین دا کۆمەڵ لەسەر بنەڕەتی هاوڕێیەتی درووستدەبێت و عەدالەت و ئازادی تێیدا دێتەدی بۆیە لەڕووی مادییەوە هەلومەرجی ئەوە دێتەئاراوە کە دوژمنایەتی ئەنتاگۆنیستیی تێدا بپوکێتەوە و سیاسەتی هاوڕێیەتی دەستپێبکات و لەڕێگەی سیاسەتی هاوڕێیەتییەوە بەبەردەوامی دوژمنایەتی نائەنتاگۆنیستی بگۆڕدرێت بۆ هاوڕێیەتی.

چەوسێنەران و ستەمکاران ناتوانن ببنە هاوڕێی کۆمەڵانی خەڵک، لەبەرئەوەی دوژمنایەتیی ئەنتاگۆنیستی لەنێوانیاندا هەیە. بەڵام کۆمەڵانی خەڵک هەموو هاوڕێی یەکن ئەگەرچی لە هەندێ شوێنیشدا دوژمنایەتی درووستبێت لەنێوانیاندا، بەڵام لەبەرئەوەی دوژمنایەتییەکە ئەنتاگۆنیستی نییە ئەوا دەشێت بەشێوەیەکی درووست حەلبکرێت. لێرەوە دەشێت سەرەتاکانی کەمپێکی گەورەی هاوڕێیەتی هاوڕێیانی چەوساوە سازبکەین و بەرەنگاریی گەورە دژ بە سیستەم درووستبکەین و بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگای بێچین بجوڵێین. بەڵێ دەتوانین لە گەڵ نیچەدا هاودەنگ بین کاتێک کە دەڵێت: هاوڕێیەتییەکتان فێردەکەم کە جیهان لە بوونی ئەودا درووستکراوە و هەموو چاکەکان لە یەک شوێندا تێیدا کۆبۆتەوە. هاوڕێیەتییەکی داهێنەرانە کە بەبەردەوامی جیهان درووستدەکات و ئامادەی بەخشینی ئەو جیهانەی هەیە".

لە فۆرمێکی هەرە سەرەتاییدا و بە زمانێکی کۆمەڵناسییانە، کۆمۆنیزم واتە کۆمەڵگای هاوڕێکان. جارێکیان ماوتسی تۆنگ لە نامەیەکدا و لە یادی لەدایکبوونی ستالیندا باس لەوە دەکات کە ***ستالین هاوڕێی کۆمەڵانی خەڵکی چینە***. (گەرچی زۆرجار ستالین وەك سڕەرەوەی هاوڕێکانی سەیردەکرێت لەناو حیزبی کۆمۆنیستدا و ئەمەش لەو ترس و حەزەرە زۆرەوە سەرچاوەدەگرێت کە بۆ پاراستنی کۆمەڵگای هاوڕێکان

دەیدەیت). کۆمۆنیستەکان وشەی (هاوڕێ)یان خستە جێی هەریەك لەو وشانەی کە چینایەتی دەنوێننەوە: گەورەم، قوربان، کاکە، مستەر، ئاغا، ئەزبەنی و هتد. لە هاوڕێیەتییدا، جۆرێك لە ئاسۆییبوون هەیە و کەس لەخۆڕا سەردار و سالاری ئەویتر نیە. ئەمڕۆش جارێکی تر پێویستە هاوڕێ بخرێتەوە جێی زاراوەیەکی ئەبستراکت و ڕووتی وەك (فرێند). فرێند گەرچی جۆرێك لە ماتەوزە و پۆتانشێڵی هاوڕێیەتیی لەخۆیدا هەڵگرتووە و ئەگەری واقیعیبوونی تیایە، بەڵام لە بنەڕەتدا وشەکە ڕێژەیەکی زۆر ناواقیعیبوونی تیایە و بنکێکی پتەوی ماتریاڵی و واقیعیی نیە و بونیادێکی فەنتازی و خەیاڵیی هەیە.

سەرەنجام پەیامی هەر جۆرە کۆمۆنیزمێکی نوێ، ئەمەیە: «وەرە هاوڕێم بە»(نەك بەو شێوازەی لەناو کۆپەیوەندییە بۆرژوازییەکاندا هەیە و پاش بیستنی "وەرە هاوڕێم بە"، دەبێت بترسیت و ڕابکەیت، چونکە ڕەنگە بێگانەیەکی گەمژە بێت و بۆ زەمەنێکی دوور هەڵتوەشێنێتەوە). بەپێی گومانی ناو کەوانەکە، بەشێك لە گۆرانی و تێکستەکانی ئەمڕۆ و دوێنێش، ئەتککردنی (ئەویتر)ن. ئەویتری ژن/پیاو. ئەویتر وەك سپڵە، بێوەفا، درۆزن، هتد: ئەویتر وەك نا/هاوڕێ. دواجار کۆمۆنیزمی نوێ، دژی ئەو کلێشەیەش دەوەستێتەوە کە دەڵێت: هاوڕێی باش لە کاتی تەنگانەدا دەردەکەوێت. ئەمە دواخستنی هاوڕێیەتی و تەڵەنانەوەیە بۆ هاوڕێیەتی، واتە هاوڕێ دەکاتە ئاوارتە(ئیستیسنا) نەك ڕێسا(قاعیدە). لە سیستەمی ئێستاشدا، ژیان خۆی تێکڕا تەنگانەیە و ڕێسا و ئاوارتە جێگاکانی خۆیان دەگۆڕنەوە. بۆیە هاوڕێیەتی، دەبێت ڕێسا بێت نەك ئاوارتە و حاڵەتێکی شاز.

# کۆمڕاد(هاوڕێ)

سایتی ویکیپیدیای ئینگلیزی
وەرگێڕانی: دەشتی مەحمود

چەمکی کۆمڕاد بە واتای "هاوڕێ"، "هاوەڵ"، "هاوکار"، یان "هاوپەیمان" دێت کە لە وشەی (کامەرادە) کە بە واتای "هاوەڵی دیو/هۆبە"، لە وشەی کامێرا "دیو/هۆبە" یان "ژوور" وەرگیراوە. بەکارهێنانی سیاسیی وشەی کۆمڕاد بۆ شۆڕشی فەڕەنسی دەگەڕێتەوە، کە لەدواییدا وەك شێوەیەکی ناوهێنان/بانگکردن لەنێوان سۆسیالیستەکان و کرێکاراندا بەکاردەهێنرا. لەدوای شۆڕشی ڕووسییەوە میدیای خۆرئاوایی ئەو وشەیە گرێدەداتەوە بە کۆمۆنیزمەوە.

**پێشینە/بنەچە-باکگراوەند**

لەدوای سڕینەوەی ناونیشانەکانی چینی دەسەڵاتدار(خانەدان) لە فەڕەنسا، و وشەکانی مسیۆر و مادەم کە بەواتای ( "گەورەم/سەروەرم" و "خاتوون") دێن، و شۆڕشگێڕان بە هەردوو وشەی سیتۆین بۆ پیاوان و سیتۆینی بۆ ژنان کە هەردووکیان بە واتای "هاوڵاتی" دێن شوێنیان گرتنەوە. پاشا لویسی ١٦ی لەدەسەڵات دەرکراو، بە سیتۆین لویس بۆئەوەی نیشانبدرێت کە پلەی گەورەیی دەسەڵاتی لەدەستداوە.
کاتێک تەوژمی بزووتنەوەی سۆسیالستی لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دا ئاڕاستەی بەهێزی دەستپێکرد، سۆسیالستەکان لە ناوچەکانی تری ئەوروپادا بە دوای وشەی ئیگالیتەریانی-یەکسانی تردا بوون کە جێی وشەکانی "گەورەم"، "خانم"، و "خاتوون" دا بگرنەوە. لە ئەڵمانیا، ووشەی" کامەراد" لە پێشتردا وەک ڕێز لەنێوان ئەو کەسانەی ئارەزوو و کاری باویان/ وەک یەکیان هەیە بە نمونە، وەرزش، زانکۆ، سەربازی، بەکاردەهات، کە بەواتای هاوڕێیەتی بەکاردەهات. چەمکی کامەراد لەکاتی

شۆڕشەکانی ١٨٤٨(بەهاری خەڵک)- بەکاردەهێنراو دواتریش گواسترایەوە بۆ زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی. بۆیەکەمجار وشەی "کۆمڕاد" لە گۆڤاری داد-ی سۆسیالیستی لە ساڵی ١٨٨٤ لەزمانی ئینگلیزی دا بەکارهێنرا.

**بەکارهێنانی لە زمانی ڕووسی دا:**

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩، مارکسیە ڕووسیەکان و گروپە چەپڕەوە شۆڕشگێڕیەکانی تر ووشەیtovarishch وەك وەرگێڕانی وشەی"Kamerad"بەکارهێنا( tovarishch لە وشەیەکی زمانی کۆنی تورکی tavarishchiوەرگیراوە. کورتکراوەکەی(tov. مانا کۆنەکەی بریتیبوو لە هاوبەشی کار یان هاوڕێی گەشت. ئەمەش لە وشەیTovar(товар بە مانای کەلوپەل دێت) وەرگیراوە. وشەکە بۆ بانگکردن بەکاردەهات لە سۆسیال دیموکراسی نێودەوڵەتی و بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و لەو بەشانەی پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کرێکارانەوە هەبوو. بۆ نمونە، کەسێك دەکرێت بە کۆمڕاد پلیکانۆڤ یان کۆمڕاد چێرمان بانگبکرێت، یان هەر بە کۆمڕاد(هاوڕێ). لە دوای شۆڕشی ڕووسیا، کۆمۆنیستەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بە زمانی جیاواز بە وەرگێڕانی جیاواز وشەکەیان وەرگرت. هەرچەندە زۆرێك لە سۆسیالیستەکانی جیهان بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی وشەی کۆمراد(هاوڕێ)(بۆ نمونە سۆسیال دیموکراتە نەمسایی و ئەڵمانیەکان، هەروەها ئەندامانی پارتی کرێکارانی بەریتانیا تا ئەمڕۆش وشەی کۆمڕاد بەکاردەهێنن)، بەڵام لە هۆشی گشتییدا پەیوەندیی وشەکە هەر بە کۆمۆنیستەکانی یەکێتیی سۆڤیەت مایەوە. ئەم ڕاستییەش دەکرێ ببینرێت بە ڕامان لەو فیلم و پەرتوکانەی کە گاڵتەجاڕییان بە شێوەی کلێشانە بە یەکێتیی سۆڤیەت دەکرد. لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت، بەلشەڤیکەکان وشەی کۆمڕادیان بەکاردەهێنا لە کاتی قسەکردن لەگەڵ یان ئاماژەپێکردنی ئەو خەڵکانەی کە پێیانوابوو هاوسۆزی شۆڕش و دەوڵەتی سۆڤیەتن، بۆ نمونە ئەندامەکانی حیزبی کۆمۆنیست(هەروەها لەسەرەتادا ڕێکخراوە چەپڕەوە شۆڕشگێڕەکانی وەك حیزبی چەپڕەویSR) و خەڵکانی گشتیی نێو کۆمەڵی کرێکاران. جۆرێکی تری بانگکردن کە زیاتر بێلایەنی و کۆماریی پێوە دیار بوو بریتی بوو لە "هاونیشتمان". بەم جۆرە، لایەنگرانی بزوتنەوەی سپی لە شەڕی ناوخۆی ڕووسیادا چەمکی کۆمرادەکان(هاوڕێیەکان)یان بە شێوەیەکی گاڵتەجاری بەکاردەهێنا بۆ سوککردنی دوژمنەکانیان، هەرچەندە لە هەمانکاتدا هێزە سۆسیالیستە دژە

بەلشەڤیکەکانیش، وەك سۆسیالسیتە شۆڕشگێڕەکان و مەنشێڤیکەکانیش لە نێو خۆیاندا چەمکی کۆمراد(هاوڕێ)یان بەکاردەهێنا.
لە ناوەڕاستی ۱۹۲۰ەکان، وشەی کۆمڕاد بە شێوەیەکی وا بەربڵاو بەکاردەهات لە یەکێتیی سۆڤیەتدا کە جێگەی خۆی گرتبوو و ببووە شتێکی ئاسایی، و بەبێ جیاکاری بەکاردەهات هەروەکچۆن وشەکانی بەڕێز"Sir"و "Mister" لە ئینگلیزی وشەی ئاسایی بانگکردنن. وشەکە وا بەکاردەهات تاوەکو ڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەت.
وشەکە لە چەند بوارێکی تر بە شێوەی تر سەریهەڵدا. تاوانباران و تۆمەتباران بە وشەی هاونیشتمانی بانگدەکران نەك کۆمڕاد. بانگنەکردنی کەسانی تر بە کۆمڕاد بە کارێکی دژبەرانە دادەنرا و لە سەردەمی ستالین دەبووە هۆی تۆمەتباربوونی کەسەکە بە دژەسۆڤیەتی.
چەمکەکە چیتر لە کۆمەڵگای ڕووسی هاوچەرخدا بەکارناهێنرێت، بەڵام لەنێو هێزی سەربازی پۆلیسدا ئێستاش شێوازی باوی بانگکردنە. سەرباز و ئەفسەرانی پۆلیس لەنێو خۆیاندا بە چەمکی کۆمڕاد بانگی یەکتردەکەن، بۆنمونە هاوڕێ عەمید، هاوڕێ لیوا، هاوڕێ چاوەش و هتد... چەمکەکە وەك بڕگەیەك لە هەندێك زاراوە بەکاردێت، بۆنموونە tovarishchponeschast'yu(هاوڕێی ئازارچەشتن، کە لە وشەیLeidensgenosseئەڵمانی وەرگیراوە) یانیش وەك بڕگەیەك لە وشەیtovarishchestvoدا هەیە، کە مانای هاوبەشییە. ئەمانە پەیوەندییان بە کۆمۆنیزمەوە نییە. چەمکەکە زۆر بڵاوبووەوە لە چەند شوێنێکی ئینتەرنێت لەسەر دۆمەینیru. و su. بەکارهێنەران ڕێك یەکتریان بانگدەکرد بە камрад (kamrad)(هاوڕێ) بۆئەوەی بەر لە هەر لێکچوونێك لەگەڵ وشەیtovarishch بگرن.

**بەکارهێنانی لە زمانی چینی دا:**
وەرگێڕانی کۆمراد(هاوڕێ) لە زماتی چینیدا بریتییە لە "同志" (pinyin: tóngzhì)، کە ڕێك ماناکەی بریتییە لە خەڵکانێك کە هەمان ڕۆح، ئامانج، حەز، هتد.. یان هەیە. بۆیەکەم جار بە پێی مانا سیاسییەکەی لەسەر دەستی Sun Yat-sen بەکارهات بۆ ئاماژەپێکردن بە شوێنکەوتەکانی. کۆمینتانگ(حیزبی ناسیۆنالیستی چینی)، کە Sun Yat-senهاودامەزرێنەری بوو، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە

لە بەکارهێنانی وشەیTongzhi (هاوڕێ) بۆئاماژەکردن بە ئەندامەکانی، زۆرجار وەك ناوێك نەك وەك نازناوێك. بۆ نمونە، یەکێك لە ئەندامەکانی کۆمینتانگ دەیگوت کە کاکچانگ هاوڕێیەکی دڵسۆزە و جێگەی باوەڕە. بەڵام ئەوە حیزبی کۆمۆنیستی چینی بوو کە لەسەردەمی ململانێی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کە وشەکەی زۆر بەربڵاوکردەوە. دوای دامەزراندنی کۆماری گەلی چینی، چەمکەکە هەم وەك ناو و هەم وەك نازناو بۆ هەر کەسێك کە لە بەشی کیشوەری چیندا دەژیا. بۆنمونە، ئافرەتان nü tongzhi (کۆمراد(هاوڕێ)ی مێینە) بوون، منداڵانxiaotongzhi هاوڕێی بچووك)، هەروەهابەتەمەنەکانlao tongzhi (هاوڕێی پیر) بوون. بەڵام لە دوای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەگەڵ دەستپێکردنی چاکسازییەکانی تایبەت بە درووستکردنی بازاڕی سەرمایەداری، ئەم چەمکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەکارهێنانی ڕۆژانە دوورکەوتەوە. تەنها وەك چەمکێکی تایبەت بۆ بانگکردن لە شوێنی گشتی بە ڕێزەوە لەنێوان ئەو چینییانەی لە ناوەڕاستی تەمەنیاندان و لەنێوان ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی چینی بەکاردێت. لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی چینی، بانگکردنی کەسێك بەبێ بەکارهێنانیtóngzhì (هاوڕێ) بە مانای نیشانەی شاراوەی بێڕێزی و دوژمنایەتی دێت. لە کاتی کۆبوونەوەی حیزبی یان مەدەنیدا، بەکارهێنانی چەمکەکە هەر ماوە. بەرپرسەکان زۆربەی جارەکان بە tóngzhìبانگی یەکتری دەکەن، بۆیە بەکارهێنانی وشەکە تایبەت نییە بە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست. Tóngzhìزیاتر بەکاردێت بۆ بانگکردنی هەر سەرکردەیەکی نەتەوەیی کاتێك پۆستەکانیان پیشاننەدرابێت( بۆ نمونە کۆمراد ماوتسی تۆنگ، کۆمراد دۆنگ شیاوپینگ). لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی چین فەرمانێکی دەرکرد تاوەکو ٩٠ ملیۆن ئەندامەکەی حیزبەکە بە هاوڕێ بانگی یەکتربکەن. لەجیاتیی چەمکی تر کە نایەکسانی پیشاندەدەن. لە یاساکانی ناوخۆی هێزە سەربازییەکانی چین کۆمراد وەکو یەکێك لە سێ شێوازە شیاوەکەی بانگکردن دانراوە(کۆمراد، یان پلە یانیش پۆست، وەك کۆمراد عەقید، یان کۆمراد کاتێك زانیاری دەربارەی پلەی کەسەکە دیار نییە، یانیش کاتێك قسە بۆ زیاتر لە کەسێك دەکرێت). خاکەکانی تری چین، وەك ماکاو و هۆنگ کۆنگ، چەمکی کۆمراد لە زمانی ڕەسمیان بوونی نییە چونکە ئەم خاکانە بۆماوەیەکی درێژ لەلایەن هێزە بیانییەکانی جیهانی ڕۆژئاوا فەرمانڕەواییان کراوە، کە ئەمەش جیهانبینییەکی جیاوازی زمانی لا چەسپاندن.

# هاوڕێیەتی، بەهایەکی ئیستاتیکییە

دەربارەی هاوڕێیەتیی نێوان کارل مارکس و فریدریك ئەنگڵس

عبدالعزیز لازم
وەرگێڕانی: ناجی ئەفراسیاو

مێژووی فیکری مرۆڤایەتی هیچ نمونەیەکی هاوشێوەی پەیوەندیی کەسێتیی نێوان مارکس و ئەنگڵس پێشکەشنەکردووە. کە لە نێوان دوو فەیلەسوفی سیاسیی شۆڕشگێڕدا لە عەقڵ و ویژدانەوە دەستیپێکرد. لە بارودۆخێکی ناهەمواردا کە ئەگەری دروستبوونی هاوڕێیەتیی ئاوارتەی لەو شێوەیە لاواز بوو.
هاوڕێیەتیی نێوان کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) و فریدریك ئەنگڵس (١٨٢٠-١٨٩٥) ڕەنگدانەوەی لاپەڕەیەکی پڕهەڵوێست و تێڕامانی ناوەکی بوو، هەروەها سۆزێکی ڕانەگەیەنراو کە بەبێ هیچ ڕێککەوتنێك کارلێکی دەکرد. تۆم و دووانە نەبوون، هەروەها لە یەك شاردا لەدایك نەبوون، هەروەکچۆن لە خوێندندا هاوپۆلی یەکتر نەبوون. تەنانەت بەرواری لەدایکبوون و مردنیان جیاواز بوو. جگە لەوەش ئینتیمای چینایەتیی هەریەکەیان جیاواز بوو لەویتر. مارکس لە خێزانێکی شاری (ترێر)ی ئەڵمانی بوو، کە سەر بە چینی مامناوەند بوون. ڕۆشنبیریی ئەکادیمیی لە شارەکانی بۆن و بەرلین و ژێنا وەرگرت. لە ساڵی ١٨٤٢دا بووە وتارنووس و بەشدارێکی کارا لە ڕۆژنامەی (ڕاینشە تسایتۆنك)دا، نوسینەکانی جەدەل و مشتومڕی دەوروژاند، بەڵکو ببوونە جێگەی مەترسی لەلای دەسەڵات، لەبەرئەوەی ڕەخنەی ئاراستەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئەڵمانیا دەکرد. تاکو ئەو ساڵە ئەنگڵس لە ژیانی مارکسدا دەرنەکەوت. (ئەنگڵس) کە لە شاری (بارمن – فوبرتاڵی Wuppertal ئەڵمانیای ئێستا) لەدایکبوو، لە خێزانێکی پرۆتستانتی دەوڵەمەند بوو، لەلایەن خێزانەکەیەوە ڕەوانەی ئینگلتەرا کرا بۆ خوێندنی ڕێگا بازرگانییەکان لە کارگەیەکی ڕستن لە شاری مانشیستەر. لەوێ بەچاوی خۆی ئەو مامەڵە توند و نامرۆییانەی دەبینی کە بەرامبەر کرێکارانی کارگەکە دەکران، بۆیە هەرزوو کتێبێکی لەژێرناونیشانی

(**باروDۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا**) لە نێوان ساڵانی ١٨٤٢ و ١٨٤٤ دەرچوواند، کە تیایدا تیشک دەخاتەسەر ئەو ستەم و دڕندەییەی کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە بەرامبەر کرێکارانی پیشەسازی و کانگەکان و کرێکارانی کشتوکاڵی دەکرێت. دواتر پەیوەندیی کرد بە بزووتنەوەی چارتەریزمەوە (الوثيقية) کە بزووتنەوەیەك بوو بانگەشەی فراوانبوونی مافی کرێکارانی لە دەنگداندا دەکرد، دواتر هەستا بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئابوریی سیاسی، هەروەها گوزارشتی لە قەناعەتی خۆی کرد کە شەڕ و دڕندەیی سەردەمەکە دەرەنجامی حەتمیی هەیمەنەی دامەزراوەی خاوەندارێتیی تایبەتە و بە خەباتی چینایەتی نەبێت لەناوناچێت، کە لە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیدا دەگاتە لوتکە. ئەو چالاکییە سەربەخۆیانە سومعە و ناوبانگێکی باشی بە فریدریك ئەنگڵس بەخشی، لەلایەکەوە وەك ئابوریناسێکی سیاسیی شۆڕشگێڕ، لەلایەکی تریشەوە لێکچوونێك لە فیکر و شێوازی لێکۆڵینەوەکانی خۆی و هاوڕێی داهاتووی کارل مارکس دروستبوو، کە تاکو ساڵی ١٨٤٤ بە دیداری یەکتر نەگەیشتن، ئەوەبوو لە هەمان ساڵدا لە پاریس یەکتریان بینی. ئەوکات مارکس چەند بەرهەمێکی دەربارەی فیکری کۆمۆنیزم بڵاوکردبووەوە، هەردوو ناوبراو بۆیان دەرکەوت کە ئەوان بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەیشتوون بە ئایدیای هاوشێوە و هاوتەریب. هەروەها بەشێوەیەکی سەیر و خێرا توخمەکانی هاوڕێیەتیی نێوانیان بۆ ئاشکرابوو، نەك تەنها لە ژیانیاندا بەڵکو ئەو هاوڕێیەتییە ئوستورییە لەدوای مردنیشیان هەر کارا و کاریگەر بوو. وەکچۆن لینین لە سەدەی بیستدا شانازیی پێوەدەکرد، [لینین]پێیوابوو هاوڕێیەتیی نێوان مارکس و ئەنگڵس یەکێکە لە دەستکەوتە ئێستاتیکییەکانی کۆمۆنیزم، کە کۆمەڵگای سەرمایەداری نەیتوانیوە هاوشێوەکەی بەرهەمبهێنێت، ئەو بەئاشکرا تەحەدای کردن ئەگەر نمونەی هاوڕێیەتییەکی هاوشێوەی پەیوەندیی نێوان مارکس و ئەنگڵس پێشکەشبکەن. (لینین) لەو باوەڕەدا بوو کە تەواوی مێژووی فیکری مرۆڤایەتی نمونە و مۆدیلێکی لە چەشنی خۆبەخشی و خۆنەویستیی دوولایەنەی نێوان ئەو دوو بیرمەندە پێشکەشنەکردووە، کە توخمی تەکامولی لەنێوان چالاکییە فیکرییەکانیان توانیی هاوڕێیەتییەکی فرەلایەن و چەسپیو لە مێژوودا دابمەزرێنێت. دوای دیدارەکەی پاریس هەردوو هاوڕێ بەڵێنیان بە یەکتردا پێکەوە کاربکەن، ئەو فاکتەرەش بەهێزترین ڕەگەزی قووڵبوونەوەی هاوڕێیەتیی نێوانیان بوو. ئەم هاریکارییەش کە تاکو مردنی مارکس بەردەوام بوو (١٨٨٣)، دوو ئاراستەی سەرەکیی وەرگرت، یەکەمیان شەرحی میتۆدی پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم کە دواتر بە مارکسیزم ناسرا، دووەمیان کارکردن لە پێناو چالاککردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە جیهاندا، لەڕێگەی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیزمەوە. لەسەر جۆرێك لە دابەشکردنی کار لە نێوانیاندا ڕێککەوتن، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان هەوڵێکی چڕوپڕیان بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە خستەگەڕ، بەڵام بڕیاریاندا بەپێی ئەو

دابەشکارییە؛ مارکس فیکری سیاسی و ئابوریی سیاسی و مێژووی ئابوری لەئەستۆبگرێت، هەرچی ئەنگڵسە تەرکیزی خستەسەر زانستە سرووشتییەکان و بیرکاری و ئەنترۆپۆلۆژیا و زانستی سەربازی و زمانەکان. ئەو چالاکییە تەواوکارییەش کە لەنێوان ئەو دوو هاوڕێدا لەپێناو فیکری نوێدا بەرپابوو، مەزنترین مانیفێستی بەرهەمهێنا کە مێژووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەخۆیەوە نەیبینیبوو ئەویش **مانیفێستی کۆمۆنیست** بوو، کە هیچ ئەدەبیاتێکی سیاسیی شۆڕشگێڕ لە جیهاندا نەیتوانیوە کاریگەرییەکانی تێپەڕێنێت، هەروەها هەموو ئەدەبیاتێکی کۆمۆنیستی بۆی دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی سەرچاوەیەکی فیکری گشتگیرە. کەواتە چ شتێك ئامراز و میکانیزمی سەرهەڵدانی ئەو بەڵگەنامە بوو؟ ئەنگڵس خۆی ڕەشنووسی مانیفێستەکەی ئامادەکرد و دواتر خستیە بەردەم مارکس، ئەویش لەلای خۆیەوە دووبارە خوێندیەوە و ئینجا سیغەی کۆتایی بۆ دانا. ئەم نموونەیە ئاستی بەشداریی فریدریك ئەنگڵس لە بنیاتنانی فیکری کۆمۆنیستییدا و متمانەی نێوان ئەو دوو هاوڕێیە ڕوونەکاتەوە. نمونەیەکی تریش کە گرنگی و مەترسییەکەی لەوەی پێشوو کەمتر نییە، ئەوە بوو کە مارکس نەیتوانی هەردوو بەشەکەی (دووەم و سێهەم)ی کتێبی سەرمایە تەواوبکات، هۆکارەکەشی بەهۆی ماندووبوون و هەژاری و سەرقاڵبوونی بە بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنی گشتیی ئەنتەرناسیۆنالەوە بوو. پاش مردنی مارکس هاوڕێکەی هەستا بە تەواوکردن و لە چاپدانی ئەو دوو بەشەی کە مابوونەوە، ئەوەش پشتبەستن بەو سەرنج و ڕەشنووسانەی کە مارکس جێیهێشتبوون. مارکس لە لەندەن ژیانی بە هەژاری و نەداری و دەردەسەری دەگوزەراند، ئەمەش بووە یەکێکی تر لەو بوارانەی کە وێنەی هاوڕێیەتییەکی دەگمەنی لەنێوان مارکس و ئەنگڵسدا کێشا، چونکە ئەگەر هاوکارییە داراییەکانی ئەنگڵس نەبووایە ئەوا هاوڕێکەی نەیدەتوانی کارەکانی بەجێبهێنێت، تەنانەت نەیدەتوانی بەردەوام بێت لە ژیان، وەك هەندێك لە مێژوونووسە کۆمۆنیستەکان باسی لێوەدەکەن. لە نامەیەکی کاریگەردا کە (دیڤید ریازانۆڤ) لە کتێبەکەیدا(**کارل مارکس و فریدریك ئەنگڵس، پێشەکییەك دەربارەی کارەکانیان و ژیانیان**)نەقڵیکردووە، ئەو نامەش مارکس ناردوویەتی بۆ ئەنگڵس لەوکاتەدا کە ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمەی زۆر بووەتەوە، کاتێك خەریکی ئامادەکردنی بەشی یەکەمی کتێبی ***سەرمایە*** بوو بەمەبەستی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی: "دواجار ئەم بەشەم تەواوکرد، من قەرزاری تۆم گەر بتوانی ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنیت. چونکە ئەگەر پاڵپشتی و قوربانییە شەخسییەکانی تۆ نەبوایە ئەوا بەنیسبەت منەوە مومکین نەبوو لە کارێکی وەها سەخت و دژواردا بۆ دانان و ئامادەکردنی هەر سێ بەشەکە بەردەوام بم"[٢]. بەشدارییەکانی ئەنگڵس لە پاڵپشتیکردنی مادیی هاوڕێکەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر

[٢] کارل مارکس و فریدریك ئەنگڵز، بەشی یانزەهەم.

درێژەدان بە ژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکان هەبوو، بەمەبەستی بەدەستهێنان و تەواوکردنی زۆربەی کارە فیکری و شۆڕشگێڕییەکان. مارکس و ئەنگڵس لە ڕێگەی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەمەوە (کە ساڵی ١٨٧٢ هەڵوەشایەوە)، بەردەوام پەیوەندییان بە شۆڕشگێڕەکانی جیهانەوە هەبوو، پاشان لە ساڵی ١٨٨٩دا ئەنتەرناسیۆنالی دووەمیان پێکهێنا، ئەمەی دواییشیان لەدوای مردنی مارکس دامەزرا، ئەوەش بە بەشدارییەکی چالاکانەی ئەنگڵس کە بووە ئەندامی ئەنجومەنی گشتی.

ناردنی ئەنگڵس بۆ کارکردن لە مانچستەر لە کارگەیەکی ڕستندا، ڕێڕەوی ژیانی فیکری و سیاسیی ئەوی دیاریکرد، تەنانەت دوای مردنی باوکیشی کە سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ بەجێهێشتبوو وەك کرێکارێکی کرێ گرتە مایەوە. بەڵام لەو میراتییەی بۆی جێمابوو بۆ ماوەیەك بووە ئەندامی کۆمپانیایەکی بازرگانی، دواتر دەستبەرداری بوو، چونکە بە (بازرگانیی سەگەکان) وەسفیدەکرد. ئاگاداریی هاوڕێکەی کرد کە هەوڵدەدات لەگەڵ شەریك و هاوبەشەکانی ڕێکبکەوێت، بەشێوەیەك کە بتوانێت سەربەخۆیی ئابوری بۆ خۆی و هاوڕێکەی بەدەستبهێنێت، بەمەبەستی دابینکردنی کاروباری زەروریی ژیانیان، بەڵام دواتر لێیان جیابووەوە و دەستبەرداری ئەو بازرگانییە بوو، ئەوەبوو پاش پێنج ساڵ خانەنشینکرا.

ئەو بەوپەڕی سەخاوات و دڵفراوانییەوە توانیی بارگرانیی بژێویی ژیان لەسەر مارکس کەمبکاتەوە، لە ڕۆژانێکدا کە بەدەمەوەچوون و هاوکاریکردن ئاسان نەبوو، بەپێی سرووشتی پەیوەندیی نێوان خەڵك لە سەردەمی لاوێتیی سەرمایەدارییدا، هەموان خەریکی شەڕەچنگ بوون لەسەر بەرژەوەندییە ئەنانی و خۆپەرستییەکانیان.

ئەنگڵس لەسەرجەم قۆناغەکانی بونیادنانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە جیهاندا لەگەڵ هاوڕێکەیدا بەشداربوو، لە ساڵی ١٨٤٨دا هاوڕێیەتیی مارکسی کرد بۆ (کۆلۆنیا) بەمەبەستی بەدواداچوونی ئەو شۆڕشەی لە وڵاتانی ئەوروپادا بەرپاببوو، هەر پێکەوە ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیستییان دەرکرد بۆ خزمەتکردنی شۆڕش (ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ)، پاش شکستهێنانی شۆڕش گەڕانەوە بۆ لەندەن. لە ساڵەکانی کۆتایی مارکسدا، ئەنگڵس ئەندامێتیی ئەنجوومەنی گشتیی ئەنتەرناسیۆنالی دووەمی وەرگرت، پاش ئەوەی ماوەیەك لێی دوورکەوتبووەوە، بەڵام توانیی بەردەوام بێت لە پەیوەندیکرن بە شۆڕشگێڕەکانی جیهانەوە، ئەویش بەسودوەرگرتن لەو دوانزە زمانەی دەیزانی، هەروەها توانایەکی باشی هەبوو لە مشتومڕکردن و قایلکردندا. ئەنگڵس سەرەڕای ئەوەی کاری مەزنی لە بواری فیکری مارکسیزمدا دەرکرد وەکو؛ (دیالەکتیکی سرووشت) و (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت) و (ئەنتی دورینگ) هتد، بەڵام وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە و پڕاوپڕە لە ئیستاتیکای مرۆیی و ناونیشانی لەخۆبوردەیی سەبارەت بە

**پەیوەندیی لەگەڵ مارکسدا دەڵێت: "من هەمیشە شمشاڵژەنی دووەم بووم لە تەنیشت مارکسەوە". چ جوانییەك لەوە زیاتر هەیە کە فیکر و میتۆدی گۆڕین بپارێزێتەوە؟**

# دەربارەی عەشق و هاوڕێیەتی

موراد فەرهادپور
وەرگێڕانی: وەلید عومەر

عەشق و هاوڕێیەتی هەردووکیان دوو فۆرم یان دوو حاڵەتی ئاڵوگۆڕن، یان بە دەربڕینێکی باشتر، شێوازگەلێکن لە مامەڵە و بێنە و بسێنە. ڕەنگە ئەمەش تاکە ڕووی هاوبەش و لێکچووی ئەو دووانە بێت، بەڵام ژمارەی جیاوازییەکانیشیان زۆرە. وەستان لەسەر ئەم جیاوازییانە، یان لانیکەم هەندێکیان، هاوکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، مانای ئەو لێکچوونەش زیاتر ڕووندەکاتەوە.

## (یەك)

هاوڕێکان زۆرجار ئامادەی فیداکاری و دەربڕینی مەحەبەتی خۆیانن، ڕەنگە زۆرترینیشیان لەژێر هەر هەلومەرجێکدا بێت، دریغی لە هەر جۆرە یارمەتیدانێك نەکەن. بەڵام ئەم یارمەتییە (یان فیداکارییە) کە دەشێت تا سنوری مردن درێژبێتەوە دەبێت داوابکرێت، هاوڕێ تاڕادەیەک هیچکات دەسپێشخەری ناکات لە پێشکەشکردنی یارمەتییدا[٣]. هۆکاری ئەم مەسەلەیە لە ماهیەت و ئایدیای دیاردەی

[٣]. دیارە دەبێت لەوە تێبگەین کە مەسەلەکە پەیوەندیی بە پرەنسیپی (داواکردن)ـەوە هەیە، نەك بە دەربڕین و گۆکردنیەوە. ئەم جۆرە داواکردنەش ڕێك وەکو هاوڕێیەتی خۆی پێویستی بە (وتن) نیە، مەگەر فریو و ڕیاکاری لەئارادابێت نەك هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە.

هاوڕێیەتیدا نوستووە، واتە لە ماهیەتی ئەم شێوازە ئاڵوگۆڕەدا، و هیچ پەیوەندییەکی بە دەروونناسیی تاکەکان یان دیاردەکانی تری وەک ڕەزیلی و خۆپەرستی و ناشوکرانەبژێری و منەتکردن و هەر دیاردە و هۆکارێکی پێشبینیکراوی ترەوە نیە-کە بتوانرێت وەک شتێکی دەرەکی یان بەدەر لە ئایدیای هاوڕێیەتی سەیربکرێت-؛ چونکە دوای بەدیهاتنی ئەو هەلومەرجە بنەڕەتییەی کە مەبەستمانە، واتە داوای ڕووت یان خستنەڕووی کۆمەک، ئیدی بە شێوەیەکی خێرا و بێقەیدومەرج و تەنانەت بێسنور، بۆخۆی درووستدەبێت. لەڕاستیدا، داواکردن یان (خواستن) بەشێکی زەرووری و زاتیی ئەو شێوازەیە لە (چاودێری و ئاگاداربوون و ئارەزووکردنی ئەویتر)[4] یان (ئاوڕدانەوە و بایەخدان بەویتر)[5] کە ناوی (هاوڕێیەتی)ـە.

بەڵام سەبارەت بە عەشق، شێوازی ئاڵوگۆڕەکە بەتەواوی جیاوازە. لێرەدا نەک تەنیا خواستن و داواکردن پێشمەرجی گرنگیدان و یارمەتیدان نیە، بەڵکو کۆمەک و تەسکینی و ئارامی یان هەرشتێکی تر کە دەدرێت، بەبەردەوامی و بێوچان بەرەو کەسەکە ڕێچکەدەبەستێت-لەڕاستیدا دەبێت بوترێت ئەم کۆمەکە بەبێ داواکردن یان تەنانەت بەپێچەوانەشەوە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێت. عەشقی دایکانە باشترین و بەهێزترین و هەڵبەت بە یەکەمین شێوازی عەشقیش دادەنرێت کە مرۆڤ بەدرێژایی تەمەنی، هەمیشە و دووبارە بەدوایدا دەگەڕێت و دەیەوێت بە دەستی بێنێتەوە. نە لە هاوڕێیەتی و نە لە عەشقیشدا، ئاڵوگۆڕ لەسەر بنەمای هاوتایی و هاونرخی، یان یەکسانیی بەهای شتە ئاڵوگۆڕکراوەکان درووستنابێت، بەڵکو ئۆبێکتی ئاڵوگۆڕەکە بەپێچەوانەی ئاڵوگۆڕی کاڵاییەوە، هەروا دەدرێت و وەردەگیرێتەوە. ئەو شێوازانەی ئاڵوگۆڕ کە پرەنسیپی ئەبستراکتی هاونرخی-یان ئاڵوگۆڕی نایەکسانەکان وەکو یەکسان- هەڵدەوەشێننەوە، زۆرجار پەیوەندییان بەم دوو پانتاییەی عەشق و هاوڕێیەتییەوە هەیە. شێوازگەلێکی وەک دیاری، دەستبڵاوی، بەخشین، قوربانیدان و هتد. هەڵبەت دەبێت جەخت لەسەر ئەو خاڵەش بکەینەوە کە شێوازگەلێکی لەم جۆرەی ئاڵوگۆڕ لە کایە و پانتاییەکانی تریشدا هەیە، بۆ نمونە لە ئێستاتیکا، خەیاڵ و خراپەی تیۆری و زانستیی پەتی بە مانای تەواوی وشەکە لای کانت-تا ڕادەیەکیش لە هەرجۆرە داهێنان و کردەیەکی داهێنەرانەدا هەیە.

---

[44] . care

[5] . concern

بەهەرحاڵ، جیاوازییەکەی سەرەوە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نایەت کە بەهای هاوڕێیەتی لە فلان یان هەمان ڕووەوە کەمترە لە عەشق. لەڕاستیدا، پێویستی و داواکردن لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەن و تاکە جیاوازی پەیوەندیی بە زەرووڕەتی دەربڕینیانەوە هەیە لە هاوڕێیەتییدا. گەرچی دەشێت وادەرکەوێت کە بەپێی جیاوازییەکەی سەرەوە، عەشق خۆی بۆ خۆی بێدەنگە و پێویستی بە زمان نیە بۆ ئەوەی خۆی ئاشکرابکات و دەربېڕێت، و گوایە بەپێچەوانەوە هاوڕێیەتی لەبنەڕەتەوە وابەستە و موحتاجی زمانە، دیارە ئەم ئەنجامگیرییە شتێکی هەڵە و هەڵەشانەیە. بێدەنگی و سکوت، خەسڵەتی ئەو کەسەیە کە بابەتی عەشقەکەیە، هەر ئەوە کە پێویستی بەوە نیە خواست و داوا و پێویستی خۆی بە زماندا بێنێت و گۆی بکات، بەڵام کەسی عاشق، تەنانەت گەر بۆ ئەوەش بوویێت کە ئاگاداری ئەنجامی کۆمەک و قوربانییەکەی خۆی و کیفایەتبوونیشی بێت، دەبێت پەنا بۆ زمان بیات.
هاوڕێیەتی پەیوەندییەکی دوولایەنە و هاوجێ و هاوجووت(symmetrical)ـە. ناتوانیت ڕقت لە یەکێک بێت و ببیتە هاوڕێشی-لەکاتێکدا عاشقبوون بە کەسێکی وەها شیاوە و تەنانەت زۆر ڕێی تێدەچێت و زۆرن ئەوانەی کە بە درێژایی ژیانیان ئەزموونیدەکەن. هاوجێی و هاوجووتی، کە خۆی خەسڵەتێکی تەواو جیا و سەربەخۆیە لە دوولایەنی، پەیوەستە بە دیاردەی هاوڕێیەتی خۆیەوە. گەرچی دەکرێت بڕ و ڕۆڵی ئامادەییەکەی زۆر کاڵتر بێت لە خەسڵەتەکەی پێشوو. بە دەربڕینێکی تر، حەتمەن هاوڕێیەتی دەبێت دوولایەنە بێت، بەڵام پلەی توندییە عاتفی و دەروونییەکەی دەکرێت بەجۆرێک نایەکسان بێت لای هەردوولا. هاوجووتی، دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی هەستی هاوڕێیەتییەکە نەك پلەی توندییەکەی. لە بەرامبەردا، عەشق دەکرێت یەکلایەنە بێت-لە زۆر حاڵەتیشدا هەروایە-جووتنەبوون و ناهاوکاتییش یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگ و تاڕادەیەک بنەڕەتەکانییەشی. جیاوازیی عاشق و مەعشوق پرسێکە کە هەزاران ساڵە لە دەقە فەلسەفی و ئەدەبییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. نەک هەر لە هەموو سیستەمە عیرفانییەکاندا، بەڵکو تەنانەت لە فەلسەفەشدا، عاشق زۆرجار لە مەعشوقی زەمینی یان ئۆبێکتی عەشق باڵاتر دانراوە. (ئیدی لە دیالۆگی *خوانی* ئەفلاتونەوە بیگرە تا دەگاتە —شەوق و فۆرم- لە *گیان و فۆرمی* جۆرج لۆکاچدا). مەعشوقە زەمینییەکان تەنیا ئامراز و بیانوویەکن بۆ بەرزبوونەوە (عروج) و هەڵکشانی ڕۆحی کەسی عاشق کە دەیەوێت لەڕێگەی جۆرێک تەمەنای ئەبەدی و نامۆبوون(جەزەبە، ecstasy)ـەوە لە شەڕی نەفسی خۆی ڕزگاری ببێت و لە تاکە

مەعشوقی ئەزەلی و ئەبەدیی خۆیدا بتوێتەوە کە حەقیقەت و جوانییە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم جۆرە عەشقە لەبنەڕەتەوە دەرخەری جۆرێک لە خودئەڤینی و نەرجسیەتە کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات تاکو لە ڕێگەی هاوشوناسی و یەکبوونەوە (identification) لەگەڵ نەفس یان خودێکی کامڵ و بەهێزدا و بەبێ سەرنجدانە دژیەکی و کەموکورتییەکانی خۆی، عاشق و شەیدای خۆی بێت. بەهەرحاڵ گومانی تیا نیە کە ئەزموونی عاشقبوون و ئەزموونی بوون بە ئۆبێکتی عەشق، جیاواز و تەنانەت دژیەکیشن. چونکە یەکەمیان ئەزموونێکی تەواو **سوبێکت**سەنتەرە؛ لەکاتێکدا دووەمیان بەڕاستی سەختترین و توندترین شێوازی وێرانبوونی سوبێکت و بنیاتنانەوەیەتی. گەر سەیری سەنتراڵبوونی سوبێکت بکەین لە هەردوو نەریتی بیرکردنەوەی میتافیزیکی و عیرفانی و پەیوەندیی بنەڕەتییان بە دیاردەکانی وەک عەقڵانیەت و دژەعەقڵانیەت و تاکگەرایی و بەشتبوون و چەپاندنی نەست و دواجار کۆی سیستەمی دەسەڵات بەسەر سرووشتی ناوەوە و دەرەوەوە، ئەوا گومانی تیا نیە کە ئەزموونی خود/سوبێکت وەک ئۆبێکت، چ لە ئاستی تاک بێت یان کۆ و تیۆری یان پراکتیک، هەڵگری بایەخێکی گەورەیە لە هەناوی کۆی مێژووی مرۆڤایەتیدا .

**دوو:**

ئەزموونی خود/سوبێکت وەک ئۆبێکتی ئارەزوو، نەک تەنیا بایەخ و ڕۆڵی بنیاتنەری ئاڵوگۆڕی ڕەمزی ئاشکرادەکات بەڵکو ماهیەتی دەسکرد و دەسەڵاتخولقێنی ئاڵوگۆڕی ئەبستراکتیش ئاشکرادەکات کە لەسەر بنەمای هاوکاری ڕۆنراوە. ئەم ئەزموونە، خودئاگایی یان شوناسی ڕەمزی هەریەکەمان وەکو فەزایەکی بەتاڵ ئاشکرادەکات کە لە دەرەوە و لەلایەن (ئەویتر)ـەوە وێنە و سنوری دەکێشرێت. حەقیقەتی (ناوەکی) و زاتیی ئەم خودە، یان شوناس و خودئاگاییەکەی کەوتۆتە (دەرەوە)وە. واتە ئەو (حەقیقەت)ـەی کە لە کۆی نەریتی بیرکردنەوەی میتافیزیکی لە ژێر ناونیشانەکانی وەکو جەوهەر و زات و گیان و ڕۆح و هتددا ستایشکراوە. لەم ڕووەوە بۆ دەسگەیشتن بەم حەقیقەتە و گەیشتن بە خودئاگایی، واتە بۆ کارکردن بەو فەرمانە کلاسیکییەی سوقرات و پاش و پێشەکانی، واتە فەرمانی (خۆت بناسە)، دەبێت بە شێوەیەکی دیالەکتیکی و دژ بە هەموو فەرمانەکان و فۆرمە میتافیزیکی و عیرفانییەکان بڕۆینە دەرەوە. سنوری خود یان سوبێکت بشکێنین و بە مانا نیچەییەکەی (نەک

عیرفانییەکەی) بە تەواوی لە خۆت بێگانە بیت و سەرپێچی لە یاساکانی ئاڵوگۆڕی ئەبستراکت بکەیت. هەڵبەت ئەم سەرپێچی و تێپەڕین و سنورشکێنییەی نێوان ناوەوە و دەرەوە، بەپێی لۆژیک و زەرووڕەتیش دەبێتە هۆی ئەوەی تاکێتی و یەکپارچەیی و شوناس و توندوتۆڵیی خود یان سوبێکت تێکبشکێت. بە مانایەکی تر، بۆ دەسگەیشتن بە حەقیقەتی سوبێکت، پێویستە سوبێکت یان خود وەکو پانتاییەکی پڕ لە دژیەکی و درز و بۆشایی بناسین کە توندوتۆڵی و پتەوی و شوناسەکەی، بەرهەمی ئۆبێکتێکی دەرەکییە و ئەمەش هیچ نیە جگە لە (هەژاریی سوبێکت). چ سوبێکت یان خود و چ ئاڵوگۆڕی ڕەمزییش یان کۆمەڵگا، تێکڕا **گشت**ێکی دژیەک و بەدەر لە یەکسانی و یەکبوونن.

**سێ[٧]:**

تیۆرەکەی سارتەر دەربارەی گەیشتن بە خودئاگایی لەژێر نیگای ئەویتردا، بەتایبەت لە ئەزموونی شەرم و غافڵگیربووندا، هەموو پرسەکە ڕوونناکاتەوە. مرۆڤ بەڕاستی لەژێر نیگای (ئەویتر)دا دەبێتە سوبێکت، بەڵام ئەم سوبێکتە لەو هەموو جدییەت و خۆگری و خۆڕاگرییە وجودییە بەدەرە، لەو هەموو ویقار و شکۆ تراژیکییەی هەڵبژاردنە وجودییەی کە ئەگزیستیانسیالیزم دەیداتە پاڵ تاک، ئەویش لە سیستەمی سەرمایەداریی بۆرژوکراتدا (کاردانەوەی تەنزئامێزی ژان ژینیە بە ڕووی هەندێک لە شیکردنەوەکانی سارتەردا دەربارەی هەڵبژاردنی وجودی و ڕەسەنایەتیی ژینیە وەکو دزێکی هاوڕەگەزباز لەوە گرنگترە کە گوماندەکرێت).

تیۆرەکەی سارتەر دەربارەی بەئۆبێکتبوونی ژنان لەژێر نیگای پیاواندا، هەروەها کۆی تیۆرە دژەژنەکانی کلاسیک و مۆدێرنیش، هەرکاتێک بە پێی دیدگا لاکانییەکەی سەرەوە بخوێنرێنەوە، ئەوا لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە دەبنەوە بە دژی خۆیان، و لەڕاستیدا دەیسەلمێنن کە ژنان ڕێک بە هۆی بەئۆبێکتبوونەوە، بە هۆی هیستریاییبوون یان ئەوەی کە پێیدەوترێت (نالۆژیکی و پارادۆکسبوون)ـەوە، زیاد لە پیاوان شایستەن ناونیشانی بکەر و سوبێکتیان بدرێتەپاڵ. (نابێت بیرمان بچێت کە هیستریای ژنان، خاڵی دەسپێک و ڕاکێشانی بەلەپیتکەی دەروونشیکارییەکەی فرۆید بوو).

## چوار:

ئەزموونی خود وەکو ئۆبێکت: بینران لەجیاتیی بینین، بیستران لە جیاتیی بیستن، (...)ران لەجیاتیی (...)، ویستران لە جیاتیی ویستن. لۆژیکی ئارەزوو تەنیا لیبیدۆ یان پاڵنەرە سێکسییەکان (drives) ناگرێتەوە. بینین، بیستن و ...تێکڕا پاڵنەری نەستن کە بە پێچەوانەی غەریزەکانەوە (instincts) هیچ کاتێک تێرنابن و نامانگەیەننە ئۆبێکتی بچووک (small object a)یان (ئەویتری بچووک). چونکە تەنیا بە هۆی نەبوون و نەفی و غیابەوەیە کە ئەم ئۆبێکتە بچووکە دەتوانێت بەردەوامیی ڕەوتی ناکۆتای ئارەزوو بپارێزێت، کەواتە سەیریش نیە تاکە پاڵنەرێک کە هەردوو لایەنی سوبێکتیڤ و ئۆبێکتیڤ، ئەکتیڤ و پاسیڤ، پیاوانە و ژنانەی تیادا یەکدەگرێتەو(یان بەلۆژیکی و هەر لەسەرەتاوە یەکێکن) بریتییە لە پاڵنەری مەرگ. بەپێچەوانەی کوشتن و کوژرانەوە کە لوتکەی هەموو پارادۆکس و دژیەکەکانن، (مردن) و (مران/مردووبوون) هێندە یەکێکن کە دووەمیان لانیکەم لە زمانی فارسیدا و دەشێ لە زمانەکانی تریشدا، خاڵییە لە (شوناس) یان جیاکاریی زمانی و لەئەنجامیشدا لە دیدی نیشانەناسییەوە خاڵییە لە هەر جۆرە جیاکارییەک لەگەڵ یەکەمیاندا. بەهەمان شێوە سەرسوڕمانی ناوێت کە فرۆید پاڵنەری مەرگ یان ئارەزووکردنی مەرگ بە گرنگترین دۆزینەوەی دەروونشیکاری دەزانێت و لاکان بە نمونەی سەرەکیی هەموو پاڵنەرەکانی دادەنێت کە لە شێوەی گرێی خەسانی ڕەمزی (واتە حزوور/غیابی چێژ)دا و دەکەوێتە بنەوەی هەموو پاڵنەرەکانەوە تەنانەت پاڵنەری سێکسیی لیبیدۆش: گرێیەک کە چەندان جار کۆنتر و ڕیشەییترە لە گرێی ئۆدیب، چ لە گۆڕانی تاک و چ لە گۆڕانی مرۆڤیشدا.

## پێنج:

پەیوەندیی عەشق و هاوڕێیەتی لەگەڵ کاتیشدا، بە پەیڕەوی لە جیاوازییەکانی سەرەوە بەقووڵی هەر جیاوازن. عەشق هەمیشە هەڵگری بەردەوامی و نەپچڕانە لە کاتدا-بەدەر

له حزوور و غیابی (کورت و درێژ و هەمیشەیی) یان تەنانەت لەناوچوونی خودی ئۆبێکتی عەشقەکەش. عەشقیش هەروەکو ڕق و بوغز لەبیرناکرێت، مەگەر لەسەر حیسابی لەناوچوونی خودی عەشقەکە و کۆتایهاتنی. هیچ عاشقێک ناتوانێت مەعشووقەکەی خۆی بۆ ماوەیەک لەبیربکات و جارێکی تر وەکو ئۆبێکتی عەشقی هەمیشەیی خۆی بە بیری بێنێتەوە. بەڵام لە هاوڕێیەتیدا، پچڕان و دابڕانی کات بە ئاسانی ڕوودەدات. دوو هاوڕێ دەتوانن دوای چەندین هەفتە و مانگ و تەنانەت چەند ساڵێک دووری و بێئاگابوون لەیەك، بە خێرایی گەرمی و نزیکیی خۆیان بەدەستبێننەوە. گێڕانەوەی بیرەوەرییە هاوبەشەکان و ئەو ئەزموونە زەینییەی کە پەیوەندیی بەو بیرەوەرییانەوە هەیە، کتوپڕ درزی زەمەنە [غاییەکە] پڕ دەکاتەوە- بەتایبەت ئەو کاتەی کە پەیوەندیی هاوڕێیەتی زیاد لە دوو کەس بێت. ئەم مەسەلەیە، واتە قەتیسنەبوونی هاوڕێیەتی لە پەیوەندیی دووانی و توانای فراوانبوونی بەرەو پەیوەندیی کۆڕ و کۆمەڵەیی لەگەڵ سێ چوار کەس یان چەندین ئەندامدا— هۆکارێکی گرنگە بۆ زاڵبوون بەسەر پچڕانی زەمەندا.

هەڵبەت سەرکەوتنی کات بەسەر هاوڕێیەتیدا شتێکی مەحاڵ نیە، بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە خودی زەمەن و درێژبوونەوەی ماوەی دابڕانەوە سەرچاوەناگرێت، بەڵکو لە بنەڕەتەوە لەو جیاوازییانەوە سەرچاوەدەگرێت کە لەم ماوەیەدا دروستبوونە: جیاوازییە کەلتوری و ئایدۆلۆژی و سیاسییەکان و سەدان جیاوازیی تر کە لە کۆچ و زەواج و منداڵبوون و نەبوون و ستایلی ژیان و خوێندن و هیترەوە سەرچاوەدەگرێت. ئەو بێدەنگییە ئازاردەرەی کە پاش جۆشوخرۆشی چرکە سەرەتاییەکانی دیداری هاوڕێکان زاڵدەبێت، زاڵبوونی هەستی نامۆیی و پەرەسەندنی بۆ دوژمنایەتی و ڕق و بێزلێهاتنەوە، بەرهەمی دەرکەوتن یان دووبارەبوونەوەی ئەو بیرەیە کە (چۆنچۆنی من لەگەڵ کەسێکی وەهادا بوومە برادەر)-تا ڕادەیەک هەموومان گەر بۆ جارێکیش بێت لە ژیانماندا ئەم هەستانە یان هاوشێوەی ئەو هەستانەمان ئەزموونکردووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە زۆربەی حاڵەتەکانی بیرلێکردنەوە و شیکردنەوەی وردتری ڕابردوودا، ئەم (حەقیقەتە تاڵ)ـە دەسەلمێنێت کە پەیوەندییەکە لەسەرەتاوە خەلەلێکی هەبووە. بە دەربڕینێکی تر، هاوڕێیەتیی ئەم دوو کەسە لە سەرەتاوە، ماهیەتێکی (نا-هاوڕێیانە)ـی هەبووە یان توخمگەلی تری وەک ڕووخسارگەلی ئاڵوگۆڕی ئەبستراکت و ئامرازیی تێکەڵ بووە. بۆ نمونە، ڕەنگە ئەم هاوڕێیەتییە هەر لە سەرەتاوە بۆ یەکێک لە دوو لایەنەکە ڕۆڵی پەردە و داپۆشەری نەستی هەبووبێت بەسەر هەستەکانی تری

وەک حەسودی و ڕق و ئارەزووی سێکسی و دەسەڵاتخوازی و تەنانەت سادیزمیشەوە، یان ئەوەی کە بۆ یەکێک لە دوو کەسەکە حوکمی جۆرێک لە وەسیلەی هەبووە، نەک غایەتێک لەخۆیدا کە مەرجیی سەرەکیی دروستبوون و مانەوەی هاوڕێیەتی و عەشقە. دەکرێت بەئاسانی ئەم پێڕستە درێژبکەینەوە بە جێکردنەوەی جۆرەکانی ئارەزوو و هەستە چەپێنراوەکان: ئارەزووی دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ باوک و دایکی لەدەستچوو، ئەو چێژەی کە لە گێڕانی ڕۆڵی (ڕووخساری باوک)ـەوە سەرچاوەدەگرێت، پێویستیی زۆر بە دڵنەوایی و دانپیانان و فشاری مەلەل و سەرکوتی ژینگەکە و سەدان حاڵەتی تری وەها، کە هیچ هاوڕێیەتی و برادەرییەک بەتەواوی بەدەر نیە لێیان، دابڕانی زەمەنی بۆ نەست/نائاگا و خودی ئاگامەند دەگۆڕێت بۆ بەرەکەتێکی ئاسمانی کە دەبێت بە دەستگرتن پێیەوە لە (هاوڕێی دووبارەدۆزراوە) ڕزگارت بێت و دیسان ڕابردوو لە قوڵاییەکانی تاریکیی بیرچوونەوەدا بخەیتەچاڵ. پەیوەندیی هاوڕێیەتی بە کاتەوە ، ئەم پەیوەندییە مرۆییە دەگۆڕێت بۆ بەشێکی بنچینەیی لە یەکانگیریی گێڕانەوەیی دەروونی مرۆڤ و گرنگترین شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و قبوڵکردنی کاتمەندی. ***هاوڕێیەتی یەکێکە لە بنەڕەتیترین پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نێوکەسییەکان، ناوکی سەرەکی و سەرەتایی هەستی هاوخەمی و ڕەنگە کاریگەرترین مەرهەم بێت بۆ ئەو برینانەی کە تاکە میراتی ڕاستەقینەی هاوبەشی مێژووە بۆ هەموومان.***

## شەش:

گەرچی عەشق و هاوڕێیەتی هەردووکیان فۆرمی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕن، بەڵام لەڕووی ژمارەی بەشداربووەکانییەوە، بەتەواوی دژیەکن. هاوڕێیەتی زۆرجار لەنێوان چەند کەسێکدا درووستدەبێت و جۆرەکانی پەیوەندیی سیانی و چواری و ....درووستدەکات. بونیاد و دینامیزمی کۆمەڵایەتیی زاڵ بەسەر پەیوەندییە سیانی و چواری و زیاترەکانیشدا، بێگومان ئاڵۆزتر و فراوانترە و، لەڕووی جۆرەکانی ڕێکخستن و تێهەڵکێشکردنی حاڵەتەکان و سۆزەکان و ستایلەکانی ژیانیشەوە (و زۆر پارۆمەتری دەرەکیی وەک: ئابوری و پێگە و ڕەگەز و نەژاد و نەتەوە)ـوە، زۆر دەوڵەمەندترە. ئەم مەسەلەیە، گرووپی هاوڕێکان وەک کۆمەڵگەیەکی چکۆلە لێدەکات، ئیدی بە هەموو توانا و مەترسییە نوستووەکانی ناو ئەم جۆرە لینك و پەیوەندییەوە. بۆ نمونە، دەکرێت ئاماژە بۆ ڕۆڵی ڕێبەری گرووپ بکرێت دەشێت ببێتە بکەری زاڵ بە هەموو دەرەنجامە

باش و خراپەکانییەوە بۆ ئەوانیتر لە ئاستی تاکدا. یان تەنانەت بنیاتنانەوەی سیستەمی دەسەڵات لە ئاستێکی بچووکدا و درووستبوونی جۆرێک لە هیرارشیەتی (ناهاوڕێیانە) کە دەتوانێت بەخێرایی گرووپەکە بگۆڕێت بۆ دارودەستەیەکی (نیمچە تاوانکار): گۆڕانێک کە ئەمڕۆ سەرمایەداریی جڵەوبڕ، هەژاری، هەڵاوسان و گرانی، بەرخۆری و مەسرەفگەرایی، دەمارگیریی فرەکەلتوری و نەتەوەیی، ئامادەیی چالاکیی مافیا لە ناوچە شارییەکان، بەکارهێنانی منداڵان و هەزاران فاکتەری تر، دەبنە هۆکاری.

بەڵام بەپێچەوانەی هاوڕێیەتییەوە، وادێتە بەرچاو پەیوەندیی عاشقانە لەبنەڕەتەوە و بەڕەهایی شتێکی دوولایەنەیە. هەڵبەت هەردوو جۆرە پەیوەندییەکە، تەنانەت "تەنیایی عاشقان"یش پێویستی بە شاهید و تەماشاچییە. پەیوەندیی ناوەکیی هاوڕێیان و عاشقان خۆی تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە پەیوەندی بەوانیترەوە. ئیرەیی عاشقانە، نمونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەم مەسەلەیە. بەجۆرێک ئەو شتەش کە لە هەر یەکەیاندا دەبێتە مایەی ڕاگرتن و بەردەوامی بریتییە لە ئامادەیی ئەویتر: ئەویتر کە بە مانا فراوانەکەی هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەگرێتەوە، لە خودی سرووشتەوە بیگرە تا دەگاتە خواوەندەکان و کۆی کۆمەڵگە[٦]. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە پەیوەندیی عاشقانە توندترە، چونکە خەسڵەتی تراوماییی ژویسانسی ئیرۆتیکیش هەروەکو دیاردەی ئێش‌وئازار، هەمیشە پێویستی بە ئامادەیی شاراوە و نیگای کەسی سێیەمە تاکو ئەم ئەزموونە مانایەکی ڕەمزی وەربگرێت-بەدەر لەم شتە ئیدی ئێمە سەروکارمان لەگەڵ بنەمای چێژ و کردەی جووتگیری دەبێت(سەبارەت بە هاوڕێیەتیش هەموو شتێک لە کاتبەسەربردنی هاوبەشدا دەتوێتەوە). گەورەترین پاڵەوانی تراژیدییش پێویستی بەوەیە لە کاتی مەرگدا کەسێک ببێتە بینەری مردنەکەی، تەنانەت گەر ئەو کەسە دوژمن یاخود خواوەندێکی خراپەکاریش بێت، چونکە بەدەر لەمە، مەرگە تراژیدییەکەی مانای خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە ڕووداوێک کە لەڕووی ڕەمزییەوە بێ‌مانا و بەزەییئامێز دەردەکەوێت.

ڕەنگە زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی هاوڕێیەتی وەک نهێنی و ڕێوڕەسمە هاوبەشەکان، لە هەمووشی گرنگتر، پێویستیی هاوڕێکان بە باسکردنی بیرەوەرییەکانی ڕابردوو هەر

---

٦. دەتوانین جەژنی ساڵانەی ڤالانتاینیش بەو بینەرە بزانین کە کۆمەڵ و کۆمیونتیی عاشقان پێویستیان پێیەتی. ڤالانتاین، کەرنەڤاڵێکی ڕەمزی و کۆمەڵایەتییە بۆ ئەوەی دانپیانان لەویتر وەربگرین، ئیدی جیا لەوەی کۆمەڵگاکە داخراو بێت یان کراوە. ڤالانتاین جۆرێکە لە نیگای ئەویتری گەورە بۆ عاشقان، ئەویتری گەورە کەس نیە جگە لە نیگای هەموەکیی عاشقان بۆ یەکتر، یان بە دەربڕینێکی تر: هەموانی بێ هەموان-و

لێرەوە سەرچاوەبگرێت، واتە یەکێک لە دوو هاوڕێکە ڕۆڵی کەسی سێیەم و گێڕەرەوە دەگێڕێت و وادەنوێنێت کە لەو ساتەوەختەدا کەسێک سەرقاڵی دیتنی ئەوان بووە. بێتوانایی عاشقان لە گێڕانی ئەم ڕۆڵەدا سەبارەت بە یەکتر، دەشێت یەکێک بێت لە هۆکارە گرنگەکانی ناسکی و هەستیاری و گرژی و کاردانەوەی پێچەوانە لەم جۆرە پەیوەندییەدا.

## حەوت:

دەشێ کەسانی سەر بە یەک ڕەگەزیش عاشقی یەک ببن (چ بە شێوە ئەفلاتونییەکەی و چ بە شێوە ئالکبیادسییەکەی)، بەڵام ئەو دوو کەسەی کە بەڕاستی عاشقی یەکتر بوون، گەر دوای شکستی پەیوەندییە عاشقانەکەیان نەبنە دوژمنی یەکتر (واتە گەر پەیوەندییەکە بەپێچەوانەوە درێژەپێنەدەن)، و ملکەچی واقیعی دابڕان بن، ئەوا تەنیا دەتوانن ببنە ئاشنایەکی باش بۆ یەکتر و هەرگیز نابنەوە بە هاوڕێ. لەڕاستیدا، شێوازەکانی دەستێوەردان و کاریگەری لەم دوو جۆرە پەیوەندییەدا زۆر ئاڵۆز و نەناسراوە.

لەم ڕووەوە، بەڕاستی باشتر وایە کەسەکان خۆیان لە تێکەڵکردنی عەشق و هاوڕێیەتی بپارێزن و پانتاییە جیاوازەکانی ئەم دوو پەیوەندییە بە جیا بهێڵنەوە، کاتێکیش لە کۆڕی هاوڕێیان دەگەڕێنەوە بۆ "فەزای عەشق" یان بەپێچەوانەوە، ئەوا پارێزکار و دووربین و بێ چاوەڕوانی بن لە جیهان، چونکە گەر یەکەمیان شێوازێکی دڵخوازمان لە ئەزموونی ڕابردوو و ئاینده و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان بۆ مەیسەردەکات، ئەوا دووەمیان سەرباری بیرچوونەوە و خەیاڵپڵاوییەکەی، تاکە پرسێکی ڕەمزییە کە پەیوەستییە توندەکەی "واقیع" لە ڕێگەی تەقینەوەی ئارەزووەوە لەناودەبات و بەرەو چرکەساتی ئێستای (***ریاڵ***)مان دەبات-ئەو جێیەی کە لەودیوی کەسایەتی یان ئیگۆوە دەگەینە ئەو دێو/فریشتەیەی (daimon)کە فەرمانڕەوا و خودی ڕاستەقینەی هەموومانە: «ئەم دایمۆنە بێزمانە، ئەم کوێرە ناونشینە، سەرەتا لە شێوەی عەشق یان ئیرۆسدا پەلاماری مرۆڤ دەدات و لەوە بەدواش لە هەموو کاتەکانی ژیاندا لەگەڵێتی، تا ئەو کاتەی کە دەمامکەکەی لادەدات و شوناسی خۆی لە کەوڵی مەرگ یان تاناتۆسدا ئاشکرادەکات».

سەرچاوە:

پارەهای فکر (فلسفه و سیاست)، مراد فرهادپور، طرح نو، چاپ دوم، ۱۳۹۲.

# هاوڕێیەتی و سۆڵیدارێتی

هانس جۆرج گادامێر
وەرگێڕانی: ئاکۆ حەسەن

هەر لەکۆنەوە فەیلەسوفێک نەبووە میتۆدێکیان گوتار یان نوسینگەلێکی دەربارەی هاوڕێیەتی جێنەهێشتبێت. ئەرستۆ، مامۆستای هەموو دانایان، لە هەریەک لە سێ نامە ئیتینییەکەیدا(دەستوری ئەتینی) بەشێکی سەنترالی دەربارەی مانای هاوڕێیەتی تەرخانکردووە. جیاواز لەکانت، کەسی خۆشەویست و مامۆستای گەورەی فیکری فەلسەفی، کە لە دەرسەکانیدا دەربارەی ئەنترۆپۆلۆژیا تەنها یەك لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ هاوڕێیەتی. ڕاستە ئەوەی ڕایگەیاندووە حەقیقەتە و داوای بیرکردنەوە دەکات، و دەشێت بەم جۆرە بخوێنرێتەوە: "هاوڕێی ڕاستەقینە، هاوشێوەی قازی ڕەش (swan black)[٧] دەگمەنە".

وتەکەی کانت بانگهێشتمان دەکات بۆ بیرکردنەوە لە وەزیفەی هاوڕێیەتی لە کۆمەڵگەکەماندا و غیابی سۆڵیدارێتی و هاوپشتیی سرووشتی لەم زەمانەی ئێمەدا. ئەوکات کارێکی ژیرانەیە کە یادی گریکییەکان بکەینەوە.دەشێت ئەو گرژیەی لەنێوان واتاکانی هاوڕێیەتی و هاوپشتیدا هەیە، لەئێستاوە ببێتە شتێکی زۆرڕۆشنکەرەوەبەجۆرێک بیرمان تیژبکاتەوە و یارمەتی بدات لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیدا بەباشترین شێوە.

کارل یاسپەرس، کە لەپێش منەوە لە هایدلبۆرگ بوو، لە ساڵی ١٩٣٠دا، پێیگوتم کە چەرخەکەمان پێویستی بە بەرپرسیارێتیی هاوبەش هەیە. ئەوکات وتەیەکی

---

[٧] جۆرە باڵندەیەکی ئاوییە، لە ڕۆژئاوای ئوسترالیا دەژێت، لەو ژینگەیە دەمێنێتەوە کە تیایدا دەژی و هەرگیز کۆچ ناکات. ناوی زانستی (Cygnus atratus). (و.ك).

ئاگادارکەرەوەبوو و وردەوردە بووبە حەقیقەت.ئەو پرسەی کە پێویستە بەجدی بیخەینەڕوو؛ زانینی چۆنێتیبەردەوامبوونی ئەو شتانەیکە بەختەوەریمان بۆ دەهێنن، و لە فۆرمی نوێی ژیاندا گەشەدەسێنن، ئەوانەی لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوەسەریهەڵدا. خاوەنی ئەو پێشبینیە نیم کە ڕێگەم بدات پەندی زۆرتر ڕابگەیەنم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت هەندێک تێبینی پێشکەش بکەم دەربارەی ئەو وەرچەرخانە لەشتەکاندا بەدەستپێک لەهەندێک تێبینیەوە کە ڕەنگە هاوکاریمان بکات بۆ بیرکردنەوە.لەهەموو بارودۆخەکاندا، ئەو شتەمانبۆ ئاشکرابووە کە حەقیقەتێکلە نێوان هاوڕێیەتی و سۆڵیدارێتیدا هەیە.

**سۆلیدۆمی** فیلیا/philiaلە گریکدا، بەتەواوەتی وەک **سۆلیدۆمی** هاوڕێیەتی وایە لە زمانی ئێمەدا، زنجیرەیەک دەلالەتی هەیە. هاوڕێی ڕاستەقینە، ئەو قازە ڕەشە دەگمەنەی لای کانت، بەفیعلی شتێکی زۆر دەگمەنە.

بەوجۆرە لەوانەیە هەوڵگەلێکی زیاتر لە سەدەکانی پێشوتر بخەینەگەڕ بەرەو چڕکردنەوەی سەرنجمان لەسەر بەکارهێنانی زمان و بیرکردنەوە لە ڕێگەی زمانەوە— با بۆنمونە وێنای سەدەی هەژدە بکەین لەوێوەی کە شتێک جێبەجێ کرا بەوەی کە نەریت و ڕیتواڵێکی ڕاستەقینە لە هاوڕێیەتیدا هەیە و بەشێوەیەکی ئەدەبیانە خرایەڕو—.وێڕای ئەوە ئێمە لەڕێگەی نمونەی ژیانی گریکییەوە پەیوەست بە مەسەلەی هاوڕێیەتییەوە، دەزانین کە چۆن کەلەپوری ئینسانیمان لە سایەی مۆدێلە گریکییەکاندا ماوەتەوە. کێ لەئێمە هاوڕێیەتیی نێوان ئەخیل و پاترۆکیل نازانێت کە بەهەمو ئیلیادەدا تێدەپەڕێت؟ بەهەمان شێوە هەمو یەکێک گوتارەکانی کاستۆر و پۆلێکس دەزانێت کە لە ئاسمانێکی شەوانەدا دانەبڕانی نێوان هاوڕێیانمان بیردەهێنێتەوە.

وێڕای ئەوە ئەو پرسیارەی کە پێویستە بخرێتەڕو پرسیارە دەربارەی ناسینی هاوڕێیەتی ڕاستەقینە و واتای هاوڕێ لەجیهانێکدا {کە} لەهەمان کاتدا جیهانی دامەزراوە ڕەق و هاوبەشەکانە،بەڵام هەروەها جیهانێکە کەشفی جۆراوجۆرێتیەکی زۆرگەورە دەکات لە ململانێ و چاوەڕوانیەکانی کە وادەکات کردەی هاوبەش شیاوبێت.دیارە ئێمەش خۆمان، لەم چاخەدا لە{بەردەم}بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشدا دەژین کە ڕێگەیداوە بە لەدایکبونی جیهانێک لە نامۆیی تەواو بەهۆی شێوازە تایبەتیەکەیەوە لە ڕێکخستنندا. لەوبارەدا پێویستە بپرسین هۆکاری پێداگری لەسەر سۆڵیدارێتی چییە و، دەبێت چۆن فۆرمێکی هەبێت.

لەسەرمانە دان بەوەدا بنێین کە گومانگەرایی کانت دەربارەی ئەڵماسی دەگمەن لە چاخەکەی خۆیدا بەهەموو وردەکاریەکانیەوە دانەهێنراوە. هاوڕێی ڕاستەقینە و ئەوەی پێکیدەهێنێت و، وەفای هاوڕێ، ئەوە شتێکە لەبونیادی کۆمەڵایەتیماندا بەشێوەیەکی زۆر دەگمەن ڕیالیزەبووە. بەڵام پێویستە بەئاگابین لەو کردەیەی کە وامان لێدەکات بەهەمان بڕ لە هاوڕێیەتی و هاریکارییەوە مامەڵە بکەین و هەروەها ڕێگەمان پێدەدات کە بەرگری لەو دانەبڕانە بکەین.پێویستە دان بەوەدا بنێین کە گردبونەوەکان لەژیانی کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بەرەو شێوەگەلێک لە هاوکاری و پاشان بەرەو پابەندییە تەواوکارییەکان دەڕوات. لەکاتێکدا لەبەرانبەردا، شتێکی دیکە هەیە وەک هاوڕێیەتی کە ناتوانین ئەوە نەبێت تێیدا بژین، بەڵام بەبێ ئەوەی توانای پێناسەکردنیمان هەبێت. ئەو گریکیانەی کە ڕۆشتون، بەتایبەت باس لە سوقرات و ئەفلاتون و ئەرەستۆ دەکەین، و بۆئەوەی توانای داهێنانی دیاریکردنیان بۆ چەمکەکان هەبێت سەرباری ئەوەش هەوڵیان داوە بۆ خستنەڕوی واتای هاوڕێیەتی بۆسەر هونەرەکەیان لە تایبەتکردن و دیاریکردنێکی ورددا. دەتوانین گفتوگۆیەکی تەواوەتی ئەفلاتون دەربارەی ئەو پرسیارە بخوێنینەوە کە بریتییە لە لیزیس/lysis،شتەکەش پەیوەندی بە چاوپێکەوتنی نێوان سوقرات و دوو منداڵ هەیە لە یاریگایەکیوەرزشی جەستەییدا، لەوێدا کە ڕێنوێنیکەران و هاوڕێیان و ڕکابەرەکانیدەوریاندابوو، وەك نەریتێکی باوی پەروەردەکردن لە ڕێکخستنی گریکیانەدا. لەوکاتەدا سوقرات پرسیار لە منداڵەکان دەکات دەربارەی واتای هاوڕێیەتی: " ئێوە هاوڕێی باشن، وانیە؟ کامتان تەمەنی لەهەموتان گەورەترە؟" — {وەڵامی دەدەنەوە:} " باشە، ئێمە لێرە لە خوارەوە پێشبڕکێ دەکەین!" دوای ئەوە پێیان دەڵێت: "کام لەئێوە سەربە باشترین خێزانە. لەکۆتاییدا پرسیاریان لێ دەکات: "لەنێوانتاندا کێ جوانترینە؟"، هەردووکیان دەشڵەژێن و دەستدەکەن بە پێکەنین.

لێرەدا دەرک دەکەین کە چۆن گفتوگۆیەک بووەهۆی لەرزاندنی ئەوەی کە نوێنەرایەتی واتای تایبەتی هاوڕێیەتی دەکات و ئەوهۆیەی کە لەسەر بنەمای ئەو مرۆڤ دەبێتە هاوڕێیەکی باش بۆ کەسێک و ئەوەی هاوڕێیەکی ڕاستەقینە پێکدێنێت. بەڵام هەروەها ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە پێویستە وریابین؛ ئەو منداڵانەی، کە هاوڕێیانی گفتوگۆکەی سوقرات بوون، تائێستەش بێتوانان لە ناسینی ئەوەی هاوڕێ کامەیە. بەڵکو ئەوەی کە دەیزانن تەنها هاوڕێیەتیەکە تایبەتە بە منداڵ. کەواتە ئەوەی پاڵی ناوە بە منداڵانەوە بۆ یەکتری تێپەڕاندن ئەوە بەتەواوەتی ڕکابەرێتی خۆنواندنانەیە. لەکاتی چاوپێکەوتنی

سوقراتدا چێژی فیکر تیایاندا سەری بەرزکردەوە و یەکەم هەنگاویان لەژیاندا نا. بەڵام ئایا لەئێستادا لەتوانامانداا نییە بزانین هاوڕێیەتی چی سودێکی هەیە؟
جێی سەرسوڕمان نییە کە یەکەم پرسیاری سوقرات ببینین بەدەوری زانینی ئەوشتەدا دەخولێتەوە ئایا هاوڕێیەتی لەسەر ئەو کردەیەی دادەمەزرێتکە هاوشێوەیەک لەگەڵ هاوشێوەکەیدا کۆدەکاتەوە(le semblables'assemble au semblable) ئەو شتە پێدەچێت گەنجان باوەڕ پێبێنێت بەڵام هەروەها لەڕاستیدا ناتوانن پێی هەستن. لەلایەکی دیکەوە ئەوان بەخێرایی دەبینن کە ئەو شتە بەردەوام نابێت. و پێدەچێت خودی پێچەوانەکەشی ڕاست بێت: زۆربەی جار هەڵبژاردنی هاوڕێ چڕدەبێتەوە لەسەر ئەو جیاوازیەی کە لەو کردەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە وامان لێدەکات لەویتردا ئەوە بدۆزینەوە کە خوازراو و خۆشویستراوە سەبارەت بە ئێمە. یان ئایا شتەکە هەروەها و بەگشتی پەیوەندی بە گەڕان بەدوای نمونەیەک لەجیهاندا نیە لەوێوەی کە بەزۆری منداڵان تێیدا پارچەپارچە دەبن لەنێوان خێر و شەڕ و لەنێوان چاک و بێزراودا؟
گەر نمونەیەک بدۆزینەوە، پێدەچێت ئەوەبێت کە دەمانەوێت لەهاوڕێدا بیدۆزینەوە، وەک هەموو ئەوەی بەهادار بۆمان دەردەکەوێت و ئامادەمان دەکات بۆئەوەی ببینە هاوڕێی یەکتر. بەڵام ئەوەی لێیەوە دەردەچێت ئەوەیە کە ئێمە هەروەها ناتوانین وەڵامێکی ڕاستەقینە بەدەست بێنین لەگەڵ ئەو منداڵانەدا. ئەوان لەلایەکی دیکەوە بە تەئکیدکردنەوەی ئەوەدەست هەڵدەگرنکە هەموو هەوڵەکانیان بە سەرکەوتن دوایی نایەت.

ئەوەی هاوڕێیەتی بنیات دەنێت شتێکی زۆر نهێنیە و ئەوە نیە کە لە ڕۆشنایی ڕۆژدا دیارە. ئەو **سۆلیدۆمە** گریکیەی سوقرات پێشنیاری دەکات لەو ناوکۆییەدا ناتوانرێت بەڕاستی وەربگێڕدرێت ئەویش **سۆلیدۆمی** ئیکیون Oikeionە، واتە **سۆلیدۆمی** ئەوەی کە ماڵی و دەستەمۆیە. بەدڵنیاییەوە، ئیکۆس بنیاتێکی بنەڕەتیی ئابوری لای پێشینەکان پێک دێنێت. ئابوری**wirtschaft**ش هەروەها ئابوری ماڵ**hauswirtschaft** ە. سەرباری ئەوەش وا دەرناکەوێت بەردەوامێتی پیشەسازی کە لە ئابورییەوە سەریهەڵدابێت خاڵی بێت لەهەر هۆکارێک، بەپێوانەکردنی ئەوەی ئێمە دەتوانین قسە لە شتێک بکەین هاوشێوەی ئەوەبێت. ئەو **سۆلیدۆمەی** کە بۆ ئابوری **Ökonomie**ە هۆگربونی پێویست بەدەست دێنێت بەجۆرێک وای لێدەکات تەعبیر لەهەموو ئەوە بکات کە هەستی ئەوە دەدات وەکئەوەی ئێمە لەنێو ماڵدابین لەوێوەی کە هەموشتێک وەک ماڵی دەربکەوێت سەبارەت بە ئێمە. ئەوەی ئەو هۆگریە

بنیات دەنێت هاوشێوەیەک نیە کە لەگەڵ هاوشێوەکەیدا کۆببێتەوە و ئەوکات ببێتە شتێکی بەهادار، یان ئەوەی یەکێکلە هاوڕێیان، کە ئەویتر پەسەندێتی پێبەخشیوە، بەئاگای بێنێتەوە لە جیاوازی و ویقار و خۆسەویستیەکەی. هەمووئەوە شتێک ناهێنێت، بەڵام کەواتە شتەکە پەیوەندی بەچیەوە هەیە؟ بەدڵنیاییەوە، بۆئەوەی ئەوشێوەیەی کە پێشتر فیکری ئەفلاتون لەسەری بووە بناسین پێدەچێت پێویستبێت لەسەرمان ڕوبکەینە کەسە بەتەمەنەکان وەکئەوەی کە سوقرات لەدواجاردا کردی. بەڵام پێویستە مۆڵەتێک بدەینە منداڵان. بۆئەوەی ئەوان ڕاهێنەری باش و دەروناس**paidotribes** و مامۆستای چاکی جومبازیان هەبێت. ئەوکاتەی لەسەر سوقرات پێویست بووە ڕوبکاتە کەسە بەتەمەنەکان ڕەنگە لەپێناوی ئەوەدا بوبێت کە واتای ڕاستەقینەی هاوڕێیەتیان لێوە فێربێت.

دەشێت ڕۆژێک لەڕۆژان ئەفلاتون ڕێگەی بە سوقرات دابێت کە گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەلیسیباددا بکات. ئەوسا ئەلیسیباد لەلایەن هەمووانەوە ناوێکی ناسراوبوو، و چاکە و فیکری ئەو ئیعتباری هەبوو، بەڵام ڕۆڵێکی زۆر جێی گومان و وردی گێڕا لە ڕوبەڕوبونەوە جەنگیە گەورەکانی نێوان ئەسینا و ئەسپارتەدا. هەمیشە ئەوەی بەدەستی دەهێنین گفتوگۆیەکە بەو ناوەوە کە باسکردنی کەوتوەتە نێو تۆماری **corpus**ی ئەفلاتونیەوە. و تەنانەت ئەگەر لەلایەن خودی ئەفلاتونیشەوە ئامادە نەکرابێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لەلایەن یەکێک لە پەیڕەوکارە هاوچەرخەکانیەوە ئەنجام دراوە. لەهەمو بارودۆخەکاندا ئەوە شایستەی ئاگاداربونێکی زیاترە تەنانەت لەوتاقە پرسیارەشەوە دەربارەی "ڕەسەنایەتیەکەی". ئەوکاتەیە لیزیس،لە کەمێک لەو گفتوگۆیانەی کە ئامادەمان کردون، ئەو ئەلیسیبادەی کە ڕۆڵێکی بینیوە لەجەنگی بیلۆبۆلۆنیدا، وەک گەنجێکی بچوک دەردەخات کە لەسەروبەندی مشتومڕکردنی سوقراتدایە. با تەماشاکەین چۆن سوقرات ڕوبەڕوی گەنجێکی پێکهاتو بەشێوەیەکی باش و پڕ لە هەڵپە دەبێتەوە و بەوەدوایی دێت کە دەکەوتنەژێر کاریگەری ئەو{گەنج}ەوە. و کاتێک دەچێتە نێو گفتوگۆوە لەگەڵیدا دەنگی گەنجێکی بچوک دەردەکەوێت {کە}دەنگێکی واقیعی و بەهەڵپەیە. و بە فیعلیش، ئەلیسیباد ڕایدەگەیەنێت :" ئاە، هەموئەوەی گێڕاوتانەتەوە دەربارەی بابەتی دادپەروەری و ئازایەتی و جێگیریی{سوارچاکیی}هیچ نین جگەلە سەرسەرێتیەکی بەتاڵ نەبێت. و هەموئەوەی دەمێنێتەوە گەیشتنە بە دەسەڵات.

لەو كاتەدايە گفتوگۆيەكی پيداگۆگيانەی دورودرێژ لەلايەن سوقراتەوە دەستپێدەكات كە خودی{سوقرات} بەشێوەيەكی گەورە و ئاشكرا كاريگەر بوە بە هێزی ڕاكێشانی مەزنی ئەو گەنجە جوانە بەهرەمەند و زۆر ئومێدوارە. بەڵام هەروەها دەكەوێتە ژێر فشاری مەترسيە گەورەكانی كە خۆی لەنێو حەماسەتی ئەوجۆرە لە هەڵپە و ئەوجۆرە لە ئيرادەدا بۆ دەسەڵات شاردوەتەوە.ئەو گتفوگۆيەی كە بەيەكێك دەست پێدەكات لەوێوەی سوقرات هاوبەشەكەی وردەوردە ڕادەكێشێت بۆ كەشفكردنی ئەوەی كە هاوڕێيەتی و هاوڕێيەتی ڕاستەقينە بەدڵنياييەوە شتێكە ناكرێت بيخەينە هەمان تەرازووەوە لەگەڵ هەمو ڕكابەريەكاندا دەربارەی دەسەڵات و ململانێكان دەربارەی كاريگەريی دانان، و سامان و هەمو ئەو شتانەی كە كەسێكی گەنج چێژێتێدا دەبينێتەوە كاتێك خەونی پێوە دەبينێت. هەمو ئەوانە سەنگێكيان نيە لەبەرانبەر ئەوەيدا كە هاوڕێيەتيە ڕاستەقينەكان دەينوێنن و ئەوەی هاوڕێيەتی ڕاستەقينە پێكی دێنێت.

فەيلەسوفانی گريک پێداگرييان لەسەر چاكی ئامادەييان كردوە هەموئەوەش بۆئەوەی دەريبخەن كە لێرەدا چەند شێوەيەک لە هاوڕێيەتی بونی هەيە. وەكئەوەی لەسەرەتاوە بينيمان لێرەدا هاوڕێيەتيی منداڵان هەيە كە بەشێوەيەكی زۆرباش نوێنراوە لەگەڵ هەمو كێبەركێيەكی لەخۆباييانە و هەروەها بەهەمو شەرمێكی نەرمونيانيەوە. شێوە يەكەمەكان لە هاوڕێيەتبی خۆشەويستی كە ژيان پێمانی دەبەخشێت لەلای ئەو گەنجە بە گەشەكردنێكی پڕەوە دەگەڕێتەوە. ئەوە لەهەموو كۆمەڵگەكاندا هەيە تەنانەت لەو{كۆمەڵگە}يانەشدا كە وەک كۆمەڵگەی گريكی ڕێک نەخراون. بەڵام لەكۆتاييدا هاوڕێيەتی ڕەسەن، واتە هاوڕێيەتی هەمو تەمەن، لەو هاوڕێيەتيە خۆشەويستانەيەوە لەدايک دەبێت و دوای ئەوەش لە هاوڕێيەتی مرۆڤە تەمەن مامناوەند و سەربەخۆكانەوە.

ئەوكات دەتوانرێت هەر لەسەرەتای بيركردنەوەوەلەو هاوڕێيەتيە ئەوە بخەينە بەرچاو كە شتەكە لێرەدا پەيوەندی بە چەمكی پەتيەوە نيە ئەوەی پێويست بێت جيای بكەينەوە لەهەمو شێوەكانيدا لە جۆری ڕەگەزەكتنی دونيا. يەكەم سەرنجێک كە بكرێت بەدەستی بێنين لای ئەرستۆ سەرنجی جياكارييە لەنێوان ئەو هاوڕێيەتيەدا كە دەشێت لەسەر خۆشگوزەرانی ماديی و چێژە هەستەكيەكان و وەكتريش لەسەر بنەمای ئەو هەستی پەسەنديەی كە هاوڕێكان بۆ يەكتريی دەردەخەن بنيات بنرێت.هەروەها دەتوانرێت ئەو هاوڕێيەتيە جيابكەينەوە كە بنياد دەنرێت لەسەر سود و بەرژەوەندی و ئەوەی دەتوانرێت ناوببرێت بە هاوڕێيەتيی خزمەت يان حيزب، و ئەوەش چەمكێكی

زۆر فراوانە بۆ هاوڕێیەتی بەجۆرێک ناتوانرێت  پشتی پێ ببەسترێت لە ناوکۆییە جیاوازەکاندا.هەموو ئەوانە بە ڕونیەکی تەواوەتیەوە شێوەیەکن لە هاوڕێیەتی.
دیارە هەروەها هاوڕێیەتی ڕاستەقینەvraieو کامڵیش بونی هەیە. شتەکە پەیوەندی بە هاوڕێێەتی ڕاستveritable ەوە هەیە،و لەچیدا دەنوێنرێت و دەمانەوێت چی بڵێین کاتێک ڕایدەگەیەنین ئەوە لە ئویکیۆن L'oikeion دا کەشفدەبێت؟
ئەوەی لەوەدا مەبەستمانە کردەی هەستکردنە بە بون لەماڵەوە لەوێوەی لەڕاستیدا ناتوانین بڵێین ئەوە چیە. هەمومان ئەوەمان مەبەستە لەو چەمکەی کە بەشێوەیەکی بەرزتر و هۆگرانەتر دەنگ دەداتەوە کاتێک قسە دەکەین دەربارەی جێنشین بون لەخۆchez soiو لەبەشدا. بەدروستی ئەوە واتای چیە؟
ئەوە بەواتای شتێک نایەت کە پێویستبێت لەسەرم بەدرێژی و پانی بینوسم. سەبارەت بەئێوە، ئێوە ئەو گشتەن کە نوێنەرایەتی فۆرزهایمpforzheimدەکەن، شارەکەتان باشترین شارە و ئەوەشی دەوریداوە جوانترینە. ئێمە هەمومان دەزانین نیشتیمان لەکۆنەوە شتێکی گورزوەشێنە. Immemorial کەناتوانین قسە لەو هۆکارە بکەین کە کاریگەری دەکاتە سەر دەرون و، ئەو هۆکارەی بڕێک لە خەڵک کۆدەکاتەوە. بەڵام کاتێک دەزانین کە هەریەکە لە بەش و بنچینە بەستەرێک و جۆرێک لە کۆمەڵ و شێوەیەکی ڕەسەن لە هاوکاریی دەچنن ئەوا ئەوە لێرەدا بەڵگەنەویستە بەجۆرێک چیتر لێرەدا پێویستی بە تەئکیدکردنەوە نیە بەوەیکە ئێمە هاوکارین. و ئێمە هەوڵ نادەین و هەرگیز ناشمانەوێت بزانین ئەوە گریمانەی چی دەکات.
بیرکردنەوەی گریکی لە هەموو دامەزراوەکانیدا گەڕانەوەخوازە تەنانەت ئەگەر شێوەی ژیانی گشتی و گردبونەوەکان و ململانێکان و جەنگە ناوخۆییەکان و کێشمەکێشە توندوتیژەکانیشی ناسیبێت، بەڵام هەمیشە و هەردەم داگیرکاریی نوێی سیستەمی دیموکراسی بوون، ئەوا ئەوی لێرەدا بردوە بەرەو پرسیارکردن لە نهێنی ئەو هۆگربونە ماڵیانە بە نیشتیمانەوە و ئەو بەستەرەی کە بەخۆیەوە گرێی دەداتەوە وناتوانرێت ڕاڤە بکرێت بەوەی هاوشێوەیەکەلەگەڵ هاوشێوەیەکدا کۆدەبێتەوە یان جیاوازێک لەگەڵ جیاوازێکداdissemblable au dissemblableیان لەڕێگەڕان بەدوای نمونەیەکدا. لەڕاستیدا ئەوە واتای چیە؟
لێرەدا بۆئەوەی لێی تێبگەین پێویستە بیر لەو فیکرە مەزنە بکەینەوە کە لەسەرەتادا لەلای ئەفلاتون دەرکەوت پێش ئەوەی لەلایەن ئەرەستۆوە بگەڕێنرێتەوە. لە وشەیەکدا گوزارشتی لێکراوە. پێدەچێت توشی شڵەژانمان بکات، وەکئەوەی بەدڵنیاییەوە لە

خودی ئەو گریکیانە ڕویدا کە پێی کاریگەر بوون ئەویش فیلۆتیاphilautia ە، خۆ خۆشویستن. لەبەرئەوەی شتەکە لێرەدا پەیوەندی هەیە بە تێڕوانینەوە بۆ خۆ خۆشویستن بەوەی کە ئەو بنەمای ڕاستەقینە و مەرجی هەمو پابەندیەکی مومکینە بەرانبەر ئەویتر و بۆ هەمو پابەندبونێک بەرانبەر خودی خۆ.

هەروەها لەو ناوکۆییەدا پێویستە هەندێک شت بوترێت دەربارەی بابەتی هاوپشتیsolidarité و ئەوەی پێویستە جەختی لێبکرێتەوە ئەوەیە کە ئەوە بونی نەبوە لە چاخەکەدا چ لەڕوی ناو و چ لەڕوی واقیعەوە. بەڕاستی فیلۆتیاphilautiaمانای چیە؟

خۆ خۆشویستن سروشتیانە و بەلای ئێمەوە دەلالەتێکی زۆر نەرێنی هەڵدەگرێت. لە کۆمیدیا گریکیەکان و هەروەها کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تریشدا دەیبینینەوە. لەبەرئەوەی وادیارە نوێنەرایەتی خراپە دەکات سەبارەت بە خەڵک، و لەزۆربەی کاتەکاندا شتێکی زۆر گاڵتەجاڕە و بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر ترسناک، و ئەو بیر لەخۆی نەبێت ناکاتەوە و نەک لە کەسێکی تر و بارودۆخەکەی. لێرەدا ئەفلاتون بوێری وتنی ئەوەی هەبوە کە لەزمانێکدا دەربیڕێت نەک تەنها بۆخۆی بەڵکو بۆ ئێمە و تەواوی جیهانیش دەگونجێت، نەخێر، خۆ خۆشویستنی ڕاستەقینەشتێکی تەواو جیاوازە. لەو کردەیەدا خۆی دەنوێنێت کە پێویستە هەردەم لەگەڵیدا گونجاوبین.

پێویستە هەردەم لەگەڵ خۆماندا گونجاوبین ئەگەر بمانەوێت هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەویتریان خۆشویستراوێکی سادە و هاوڕێی کار یان تەنها هاوپیشەیەک لە کاردا بنیات بنێین. ئەوەی نەتوانێت لەگەڵ خودی خۆیدا لەگونجاندابێت لەوێوە دەیچەسپێنێت ژیانی گشتی لەگەڵ ئەویتردا بەربەست و نامۆبونە. بەڵام تاکە شتێکی دڵنیاکەرەوە گەڕانەوەیە بۆ خودchez soi و ماڵەوە، ئەوە شوێنی ژیانی گشتیە. ئەوە هەرگیز بەمانای ئەوە نایەت کە ڕێککەوتنێک هەیە لەسەرئاستی ململانێ و بەرژەوەندیەکان. ئەوە بەدروستی ئەوشتە نیە کە پێویستە بە ڕەچاوکردنەوە وەربگیرێت و تەنانەت ئەوەش نیە کە پێویستە گوێ هەڵخەین بۆ ناونانی هەر لەیەکەم نیگاوە کاتێک دەپرسین : بۆچی کەسێک لەلام بەنرخە؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە کۆمەڵێک شتم لەگەڵدا دابەش دەکات کە بەلای منەوە بەنرخ دەردەکەون؟ ئایا هەروەها لەبەرئەوەیە کە بەمن دەچێت؟ نەخێر، بەتەنها دانپێدانان گرنگ نیە. با هەروەها بیر لە نمونە مەزنەکانی هاوڕێیەتی گریکی بکەینەوە کە جوتێک لە هاوڕێکان بون هاوکاری یەکیان دەکرد لە شەڕ{لەگەڵ} ستەمکاردا و ڕۆڵێکی پەسەندیان گێڕا لەژیانی گشتی لە

ئەثینادا لەهەمان کاتدا بەو وەسفەی قەڵا و نمونە و بەئاگاهێن بون.با هەروەها بیر لەو هاوڕێیەتیەی نێوانگەنجان بکەینەوە ئەوانەی کە دەتوانرێت بە ئەڵمانی دەربارەیان بڵێین کە ئەوان یەک دڵ و یەک ڕۆح پێکدێنن. لێرەدایە گریکیەکان ئاوەڵناوی miapsychèbaبەکاردەبەن بەسەر یەک ڕۆحدا.

ئایا ئەوەیە هاوڕێیەتی ڕاستەقینە؟ نەخێر، هەرگیز ئەوە نیە. تێزەکە سەرکێشیەک دەنوێنێت لەوتنی ئەوەدا کە ئێمە هەر لەسەرتاوە پێویستمان بە هاوڕێیەتیە لەگەڵ ئەوانیتری وەک خۆماندا. ئەوە ناچاریە ئەگەر ویستمان لەوێبین سەبارەت بە ئەویتر و لەڕاستیدا پێوەی پەیوەست بین. بڕێکی لەوجۆرە دورە لەوەی ئەمڕۆ بتوانین ناوی بنێین بە پابەندبون یان پەیوەستیی زۆرەکیانە!

ئابەوجۆرە من خۆم حەزدەکەم دوای ئەو هەنگاوە گرنگە بکەوم کە لەلایەن بیری گریکیەوە کامڵ کرا و گەیاندیە فیلۆتیاphilauti، ئەوە کردەی فیکرێکە بەتەواوەتی دورخراوەتەوە لە جیهانی دەوروبەر بەڵام لەهەمان کاتدا بەهەڵچونەوە ململانێ دەکات لەپێناوی ئازادی و شێوەکەی لەژیاندا وەکئەوەی گریکیەکان سەبارەت بەئێمە کردیان لەو ڕوداوە لەچارەنوسراوەدا کە ئەویش شەڕی میدیەکانmédiquesە.ئەوروپا وەکئەوروپا دەمینێتەوە لەبەرئەوەی ئەو شێوەیە لە گرێدراوی ژیانیانە بە ڕەسەنایەتییەوە لە ژیانی گریکیدا هەڵگری شتێکی ناوازەی بەرهەڵستکارانەیە لەگەڵ ململانێی لەرۆژهەڵاتەوە هاتو. ئەوە هیچ نیە جگەلە بیرکردنەوە لە شانۆگەریەکانی ماڵئاوایی نێوان باوک و کوڕ نەبێت کە هەتاوەکو سەدەی چوار بەخۆیەوەی بینیوە و دەتوانرێت لە مۆزەخانە ئارکۆلۆژیەکاندا بیان بینین.

با دەست بە تەماشاکردنی ئەوە بکەین بزانینئەوە تا کوێ دەمانبات لەبری ئەوەی دوای ئەوجۆرە بیرکردنەوەیە بکەوین تا ئەوپەڕی. ئێمە دەپرسین ئیکۆس بەمانای چی دێت لای ئەو، و ئەگەر گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینەبێت بۆ خود و پاشان هاوڕێیەتی ڕاستەقینە. ناتوانین بڵێین کە ئەوە شتێکی تایبەت هەڵدەگرێت، شتێک کە زۆر سەرنجم ڕابکێشێت و بەو شتەش بیکاتە هاوڕێم.هەروەها پێویستە لە کۆمەڵگەکەماندا بەشێوەیەکی سروشتی بیر لە هاوڕێێەتی نێوان پیاو و ژن بکەینەوە لەسەر نمونەی ئەوەی کە بونی هەیە لەنێوان باوک و کوڕدا. هەمیشە دەبێت دانی پێدابنێین کە هاوسەرگیریی هاوڕێیانە و هاوڕێیەتی لە هاوسەرگیریدا یەکێک لە تاقیکردنەوە گەورەکانە لەژیانی مرۆییدا لەوێوەی بوونی هاوبەشêtre-ensembleو دەرکی تەواوکاریی بە پەیوەستی لەگەڵ جیاوازیی و نامۆیی و ئەویتر و نامۆیی ئەویتردا پێک

دێن. ئەوە بەتەواوەتی ئەوەبو کە ئەفلاتون بەدیکرد لە گفتوگۆکردنی لەگەڵ ئەلیسییاددا بەڵام تەنها لەڕێی شکست پێهێنانیەوە. چاوپێکەوتنی ئەلیسیباد بەرەو سەکەوتنێکی هەمیشەیی نەڕۆشت لەژیاندا. سوقرات لەکۆتایی گفتوگۆکەدا و لەگەڵ هەستکردنێکی زۆردا بە ساختەیی هەستاوە بە ئاماژەکردن لەو قسەیەیدا کە هەمو نامۆییەک کە هەستی پێدەکات هەروەها لە خاڵێک بەئاگای دێنێتەوە کە کەسی گەنج تێیدا بە گرنگیدان بە دەسەڵات و هەڵپەوە دەمێنێتەوە.

هەمیشە سوقرات ویستویەتی ببیات بەرەو ئەو ڕێگەیەی کە کۆتایی پێدێنێت پێش ئەوەی بینوسێت وەک بەدڵنیاییەوە هەمو خوێنەرێکی گریکی دەیزانێت. ئەو ڕێگەیە لەچیدا دەنوێنرێت؟ چیرۆکە بەناوبانگەکە ، سوقرات وتی: لەسەرمانە ڕاهێنان بکەین لەسەرئەوەی خۆمان خۆمان بناسین. ئێمە ئەو داناییە بەناوبانگەی پەرستگەی دلف دەزانین کە ئەوە بەیادی مرۆڤ دەهێنێتەوە کە بەخۆی خۆی بناسێت. ئەوەش بەواتای ئەوە دێت کە دان بەوەدا بنێیت کە تۆ هیچ نیت جگە لە مرۆڤێک و لەلایەن هێزی خواوەندێکەوە یان بونەوەرێکی بەهرەمەند بەکاریزمایەکی تایبەتەوە نەنێردراویت لەو ڕوانگەیەوە لەپێشینەیی و سەرکەوتن و ڕگاربونت پێببەخشێت بەدابڕاو لەهەمو پابەندیە مرۆییەکان. هیچ شتێک لەوانە نیە.

بەڵامەسەلەی هاوڕێیەتی بوو، کەبەشێوەیەکی ڕون ئەرەستۆی گەیاندە سەربارکردنی ئەمە: لەپێناو ئەوەی خۆمان لەوانیتردا بناسین ( (am Anderen و ئەویتریش خۆی لەئێمەدا بناسێتەوە (an uns)پێویست نیە ئەوە درێژببێتەوە بۆ مامەڵەکردنلەگەڵ ئەویتردا وەک کاتیگۆری بەتەنها لەبەرئەوەی ئەویش هەروەها بوونەوەرە. پێویستە ئەویش هەروەها درێژببێتەوە و بەدیاریکراویش بۆ ئەو واتایەی کە تێیدا دان دەنێینبە جیاوازی یەکێک لەویتر، بەشێوەیەک ڕێگەمان پێدەدات ئەگەر وەکو دراوزۆن قسەمان کرد بڵێین: "پێویستە ئابەوجۆرە بیت لەبەرئەوەی بەوجۆرە خۆشم دەوێیت". بەکورتی ئەوە هاوڕێیەتی ڕاستەقینەیە.ئەرەستۆ دەڵێت شتەکە پەیوەندی بە هاوڕێیەتی دامەزراو لەسەر چاکە **Arètè** هەیە، بەڵام چاکە(**الفضيلة**) چیە؟ لەڕاستیدا چاکە ئیمتیازە، بەپێی ئەو وەرگێڕانەی کە لەلایەن فۆڵفغان شادوالدت-ەوە پێشنیار کراوە. ئەی ئیمتیاز چیە؟ ناتوانرێت بگەینە تێگەیشتن لێی تەنها بەیادهێنانەوەی ئەوە نەبێت کە شتەکە پەیوەندی هەیە بە ناوی بەراوردکاریەوە. واتە شتێک کە ناتوانرێت بەردەوامبین لە گەشەپێدانی. بەدڵنیاییەوە هیچ یەکێک خاوەنی شتێکی لەو بابەتە نیە. وە قوڵایی ڕاستەقینە بۆ زانینی ئەو خودە دەگەڕێتەوە بۆئەو کردەیەی کە نازانین لەچی

خالێکدا بە بەندیی خۆشەویستیمان بۆ خۆمان دەمێنینەوە، و تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەو بڕوایەش ماینەوە کە ئێمە هاوڕێی بەوەفاینبۆ یەکتری. بەڵام ئەگەر گونجاندنی ڕاستەقینە لەگەڵ خودی خۆدا خۆی مەرجی یەکەمینی هاوڕێیەتی دروست بێت ئەی کەواتە هاوڕێیەتی لەچیدا دەنوێنرێت؟ و ئەی ئویکیۆن L'oikeion لەسەر چی بنیات دەنرێت؟

ئویکیۆنL'oikeionهەمو جارێک و هەمو ڕۆژێک بەشێوەیەکی جیاواز خۆی پێشکەش دەکات بەپێی گۆڕانی شێوەکانی هاوڕێیەتی، بەتێگەیشتنی هاوڕێیەتی نێوان منداڵان و هاوڕێێەتی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی یەکەمینی گەنجان و هاوڕێیەتی پیشەیی و ئەو هاوڕێیەتیەی کە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی خێزانەوە دێتە ئەنجام – لەوێوەی کە قازانج لەگەڵ سازشدا تێکەڵ دەبێت. ئایا شتەکە پەیوەندیی بە جۆرەکانی تێگەیشتنی گەردوونییانەوە بۆ خۆشەویستی نیە؟ شتەکە بەوجۆرە نیە. لێرەدا گریکیەکان پەرەیان بە بیرۆکەیەک داوە کە گرنگیەکی یەکلاکەرەوەی هەیە، بیرۆکەی گونجان و کۆمەڵی بنیاتنراو لەسەر بنەمای گونجان. بۆجاری یەکەم گرنگایەتیی بەدەستهێنا لە ئەکادیمیادا و لای ئەرەستۆ، بەڵام بەتایبەت لەڕێی دۆگماتیزمی مەسیحییەوە بەناوبانگ بو لەبەرئەوەی ڕێگەی پێدا بۆ وێناکردنی پەیوەندییەک لەنێوان ئەفرێنراو و ئەفرێنەردا.

ئەو گونجاندنە کردەکیانە ڕێگەدەدات بە بیرکردنەوەی هاوبەش لەوشتەداکە بەراورد ناکرێتincomparable بەدانانی وێڕای هەموشتێک لەنێو ئەوەداکە بەراورد دەکرێتcomparable ئەوە ئەوەیە کە هەمیشە گونجان کامڵی دەکات.ئابەوجۆرە تێڕوانینی هاوڕێیەتی نێوان منداڵان فێرمان دەکات بەوەی کە تەنها ئەو یاریە نیە لەوێوەی کە یەکێک لەئێمە بەدوای دەرخستنی توانای خۆیدا دەگەڕێت بەسەر شتێکدا بۆ ئەویتر. نەخێر، ئەو پێشتر شتێکی لەخۆی نەگرتوە لە گردبونەوەو کامڵ بون کە بەشێوەیەکی کردەکی لەهەمو یاریەکدا ئامادەبێت. بە پێوانەکردن بەوە ئەو یاریە پێشتر یاریە لە هاوڕێیەتیدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوەتە هاوڕێیەتیەکی ڕاستەقینە تەنها ئەوکاتە نەبێت دەست دەکات بە پێکهێنانی کۆمەڵ بەدرێژایی هەموو تەمەن، بەڵام ئەوە تائێستەش بونی نیە لەسەرئاستی هاوڕێیەتی منداڵ. هەمو یەکێک لێرەدا ئەو خێراییە دەزانێت کە بەهۆی ئەوەوە ململانێ دەکەین و کاتێکیش کۆمەڵی نوێ دەردەکەوێت ئاشتەوایی دەکەین.

لێرەدا دوای ئەوە هاوڕێیەتی هەرزەکارانە هەیە کە بە هەڵقوڵانی هاوڕێیەتی هەمو تەمەن کۆتایی دێت. بەبێ گومان هاوڕێیەتی هەمو تەمەن هەمیشە شتێک بەدەست دێنێت کە ناتوانرێت پێی بگەیتinatteignable، لەهەماننانوانیشانی ڕەسەنایەتی و حەقیقەت و گەرموگوڕی و کەماڵ و لەکۆتاییشدا چاکەی باڵاBien. ئەو بونیادە بەڕێگەیەکی چاک بونی هەیە لەبوارەکانی دیکەدا.
نمونەی تەندروستی دێنمەوە. ئەوە نمونەیەکە ئەرەستۆ پێشتر باسی کردوە و ئەمەی خوارەوەی دەربارەی گوتوە : تەندروستی خۆراک وەرگرتن و سوربونەوەی تایبەتی دەموچاو نیە، ئەوە لەتێکڕای خۆیداهەرگیز مرۆڤ پێکناهێنێت. کەواتە تەندروستی چیە؟
هەموو ئەوە هەروەها بە تەمومژاوی دەمێنێتەوە، بەڵام هەمووئەوە لە تەندروستیدا وەک خاڵێکی هاوکار دەبینرێتەوە. ئەوە ئەوەیە کاتێک قسە لە تەندرووستی دەکەین تەماشای دەکەین. بەڵام هیچ کەسێک ناتوانێت پێمان بڵێت لەسەر چی بنیات دەنرێت. پێوەرە شێوازیەکان{کە ئەمڕۆ لە ڕێی ئەوەوە بارودۆخی تەندروستی پێ دەپێوین}هیچ نیە جگەلە ئاماژەگەلێکی ڕێککەوتو نەبێت لەسەری لە سیستەمی دەستکرددا. خودی تەندروستی دورە لەهەر تێبینیەکەوە. و لێرەدا کۆمەڵێک شت هەیە لەسەر هەمان نمونە. گریکیەکان بەدیاریکراوی وایان بینیوە کە بوون لەخۆیدا، ئەو چەمکە میتافیزیکیە بنەڕەتیە، ناکرێت چەمکێک بێت بەو وەسفەی جۆرێکی باڵایە بکرێت دابەش بکرێت{بۆ چەند ڕەگەزێک}.ئەگەر ویستمان بڵێین کەوا بوون شتێکە دەشێت بەڕۆشنی دەرکەوێت لە چرکەساتێکدا لەگەڵ دروەشانەوەیەکی بەهێزدا خۆی ڕادەگەیەنێت لە ڕوانینی خەونبینەرێکدا بە مەسافە دورەکانەوە بۆ بەردەوامێتی یان بۆ ئەبەدیەت.
بەوجۆرە کەمترین گومانێک نامێنێتەوە کە هاوڕێیەتی ڕاستەقینە وردبینیەکی گەورە وەردەگرێت بەسەر ئەو تایبەتیەوەی کە بەشێوەیەک لەشێوەکان هەریەکەمان دەیهێنێتەوە بیری ئەویتر دەربارەی پلەی گونجانی لەگەڵ نمونە ئایدیالیەکەدا تەنانەت ئەگەر ئەو نمونەیە ڕەنگبێت تەنها بۆ ئەو گونجاوبێت لە پێوانەی ناوەکیانەدا. با بۆ چرکەساتێک روبکەینە ڕەشبینیە تایبەتیەکەمان. هەموئەوە دەشێت چ مانایەکی هەبێت سەبارەت بە کۆمەڵگەیەک کە بوەتە شتێکی نەناسراو، و پێویستی بونی بارستەیەکی بەعەقڵانی کراوی زیاتر و زیاتر دەبێت ئاماژە بە چی بکات، کە بە دڵنیاییانەوە، بەشێک لە خەملاندنەکە پێکدێنێت وێڕای هەموئەوەی لە بەلاڕێدابردن کردویەتی، کە بەبێ ئەو

ئابوریەکی گەردونی بونی نەدەبوو؟ ئەی ئەوکات بەتوندی بێبەش نابین لە زۆرێک لە شتە جەوهەریەکان کە دەشێت یارمەتیمان بدات لەوەی زیاتر یەکتری بناسین؟

ئێمە ڕایدەگەیەنین کە لەگەڵ شتێکدا گونجاوین یان وا هەست دەکەین گونجاوین.لەو چرکەساتەدا کە تێیدا دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆحی شتەکان بەدیاریکراوی بەچاوگێڕانەوە بۆ ئەزمونی تایبەتیم لەژیاندا و من دڵنیام کە ئەوانەی لە تەمەندا لەپێشترن شتێکی هاوشێوە ژیاون: بەدیاریکراوی بیر لەو ڕێگەیە دەکەمەوە کە ناپاڵمەکان لەکاتی جەنگدا جۆرێک هاوکارییان بەخەبەر هێنایەوە. لەناکاودا هاوسێ، ئەو نامۆیەی بەفیعلی ون بوبو لەنێو مەرجەکانی ژیانی شارەکانماندا، لەسەر بوونێکی نوێ بەخەبەر دێتەوە.

بەو ئاڕاستەیە ڕەشبینی، و بەتایبەت ئەو ڕەشبینیەی کە پەیوەندیی بە هەموانەوە هەیە، پاڵ دەنێت بەرەو هاوپشکی کردن لە هەڵقوڵانی تواناداریەکانی کە جێی گومان نین بۆ هەستکردن بە هاوکاری و کردەی هاوکارانە.بەڵام شتەکان لەو بارودۆخەدا وەکئەوەی کە **سۆلیدۆمی** هاوکاریی لەمڕۆدا سروشی پێدەکات سەبارەت بە ئێمە تێناپەڕن.بەڕاستی دەمانەوێت چی بڵێین کاتێک لێرەدا باس لە هاوکاریی دەکەین؟

شتێکی سروشتیە لەدوای زاراوەی(**solidum**)ی لاتینییش هەبێت، کە ئەویش هەروەها ڕۆڵێک دەبینێت کاتێک باس لە ئاسانکاری دەکەین. **سۆلیدۆم** لێرەدا دەیەوێت بڵێت کە ئەوەی لە ئاسانکاریدا گرنگە لە دراوی ساختەوە بەدەستی ناهێنین. بەڵکو لە دراوی جێگیرەوە بەدەستی دێنین. کەواتە **سۆلیدۆم**بەدوای دەربڕینی بەستەرێکی پتەو و بڕواپێکراودا دەگەڕێت و بەدیاریکراوی لەو بارودۆخانەدا لەوێوەی کە ناکۆکی لە بەرژەوەندی و مەرجەکانی ژیاندا دەتوانێت پاڵمان بنێت بەرەو پەیڕەوکردنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانمان و دوورخستنەوەی بوونی باشتر بۆ ئەویتر بۆ نزمترین ئاست.

کەواتە **سۆلیدۆمی** هاوپشتی و هاریکاری کەشفی کێڵگەیەکی سیمیائی (Sémiotique) زۆر فریودەرانە دەکات. وە لەهەمو حاڵەتەکاندا لەو هاوکارییەی ڕای دەگەیەنین، بەئازادانە یان لەژێر فشاردا، دەستهەڵگرتنێک هەیە لە ئیمتیازات و بەرژەوەندیە زۆر ڕاستەوخۆکان. ئێمە لە سۆڵیدارێتیدا ئامادە دەبین بۆ دەست هەڵگرتن لەهەندێک شت لە هەندێک لایەن و هەندێک چرکەساتدا و لەپێناو هەندێک ئامانجی دیاریکراودا. هەرزوو دەرک بە چاکەکار و خراپەکار لە کۆمەڵگەکەماندا دەکەین. و ئەو کاتەی باس لە فریو دەکەم ئەوە بەبێ هۆکارێکی

مەعقول نیە، و ئەگەر دیموکراسییەتی نوێنەرایەتیمان ئەمڕۆ هۆکاری زۆرێک لە غەمەکانمان بێت ئەوە مانای نەقسی سۆڵیدارێتییە لەلای دەنگدەر.
ئێمە هەندێک هۆکاری باشمان دەست دەکەوێت بۆئەوەی دان بەوەدا بنێین کە ڕێکخستنە سیاسییەکان وەکئەوەی هەن پێویستە یارمەتی ئاگایی بە هاوپشتی و هەروەها هاندانێکی تایبەتیشی بۆ بکات. بۆنمونە بیر لە پەروەردەی حیزبی دەکەینەوە کە سەخت دەبێت پارێزگاریی لێبکەین لە هەندێک بارودۆخدا لەژیانی سیاسیدا کاتێک لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە دەبین لەگەڵ زۆرینەیەکی ئەو پارتەی تایبەتە بە ئێمە. بەڵام بنەمای دیموکراسی لانیکەم دەیسەپێنێت کە لەوێدا تواناداریيەک هەبێت بۆ کردەی هاوبەشانە لەسنورێکی دیاریکراودا و کە پێویستە تێکۆشین بۆ هەستان پێی.با هەروەها بیر لە هەستی ڕێزگرتن بەئاڕاستەی ڕێک و پێککاریەکان لە یاساکانی هاتوچۆکردن لەسەر ڕێگەوبانەکان بکەینەوە کە دەستبەجێ پاشهاتەکانی شێواندنکاریی تێیدا دەچنرێتەوە. پێمخۆشە کە تەنها تەئکید لەوە بکەمەوە کە هەمو سەرنجەکانمان پێویستە بڕژێتە یەک شتەوە: سۆڵیدارێتی ڕەسەن دەبێت ببێتە بابەتی ئاگایی و تەنها بەو ئاڕاستەیە و نەک شتی تر، دەکرێت کۆمەڵێکبەروبوم بچنرێتەوە.
با بەسەرنجدانەوە نمونەی یەکسانی **Gerichtsbarkeit** وەربگرین، لە هێرش بردنەکانی ڕابردوی شارەزابوین و ڕەنگە هەمیشەییش نەبێت بەڵام بەزۆریی یان بەکەمی خاوەنی دەستکراوەیی فشارکردن نیە. ئیتاڵیا لەزوەوە نمونەیەکی پێشکەش کردوین. پێویستە ڕوانینمان چاک بکەین بەوەی کە سۆڵیدارێتیی ڕەسەن پێویستی بە تاکگەلێک هەیە ئامادەبن بۆ پیشە و بەرگری. وە ئەگەرنا سەراپا چینی سیاسی خۆی بەدابڕاوی دەمێنێتەوە. هەروەها پێویستە ئاماژەکانی گوتەکە پاڵمان بنێت بەرەو بیرکردنەوە لەبواری جەنگیدا و لە وەفای ئەو سەربازەدا کە لە دۆخی جەنگدا داوای هاریکاریمان لێدەکات لەکاتی ژیان و لەکاتی مردندا. بەوجۆرە هەروەها بیرۆکەی ئاسانکاریی لە **سۆلیدۆم**دا و لەژیانی سەربازدا ڕویدا. لیرەدا کەمترین گومانێک نیە کە شتێکی دەستەجەمعیانە هەیە لەنێوان خەڵکدا وا لە هاوڕێیەتیدەکات شتێک بێت پێویست بێت بەردەوامبێت.
ئەوەڕاستە کە ئێمە بەرهەمی پەرەسەندنێک نین کە وادەکات هەمو بڕیارەکان ملکەچی تۆمارێکی غەریزەیی لەپێشینەبن، هاوشێوەی بارودۆخی ئەو پەلەوەرانە بێت کە لەماوەی دایکایەتیدا بەهەمو ئاڕاستەیەکدا دەفڕێت بەبێ ماندوبون لەپێناو خۆراکدان بە بەچکەکانی. ئێمە نەوەی مرۆڤین زیاتر پابەندین بە ڕوبەڕوبونەوەی

حەتمییەتی هەڵبژاردنەوە و بەکردەی ئەو واقیعە نمایشکراوەوە بوونمان هەیە کە لەبەردەم ئەگەری هەڵبژاردنی خراپیشدایە.هیواداربوم کە بتوانم یارمەتی لە بلیمەتیی زمان وەربگرم لەپێناو ڕونکردنەوەی **سۆلیدۆمی** سۆڵیدارێتیدا و لەبەر ئەو هۆیەبوو بڕیارمدا بە وەرگێڕانی چەمکی گریکی فیلیا**philia**، وادەزانمئەو واتایە دەربارەی هاوپشتی مێژوویەکی پێشینەتری دورودرێژ هەڵدەگرێت کە شان بەشانی کۆمەڵگەی بارستە ڕێدەکات. بەڕاستی شتەکە پەیوەندی بە وشەیەکی تەواو نوێوە هەیە کە زیاد لە سەدەیەک تێنەپەڕیوە بەسەر بونیدا. بەڵام ئەوە بەدیاریکراوی ئەوەیە کە دەیکاتە شتێکی درەوشاوە.

ئەوەی لێرەدا سۆڵیدارێتی ئاماژەی پێدەکات ڕازیبوونە لە چوارچێوەی خۆشەویستیدا، کە ئەویش بەدڵنیاییەوە شتێکی سنورداره وەک هەموشتێک، بەڵام جگە لە وەبەرهێنانی ئیرادەی باشەمان شتێکی دیکە ناخوازێت. ئەوە ئەرکگەلێکی گرنگن بۆمان خراونەتەڕوو جا چی لەوەدا خۆی بنوێنێت کە لەگەڵ خودی خۆماندا بگونجێن یان لەگەڵ ئەویتردا بە سازان و گونجاوی بمێنینەوە. هیچ هێزێکی سرووشتی بوونی نیە بتوانێت هەستێت بەوە، لەبەرئەوە شتەکە پێویستی بە ناسینی سوبێکت و ناسینی ئەو نمونانە هەیە کە دەتوانرێت بەوپەڕی تواناوە فێریان ببین.

_ سەرچاوە: H-G. Gadamer, esquisseshérméneutiques, essais et conférences, traduction Jean Grondin, éditions VRIN, Paris , 2004

# In Defense of Comradeship

www.negativegroup.org 2017